حكومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# پەروەردەی ئیسلامی

## قۆناغی بنەڕەتی

## پۆلی هەشتەم


**ئامادەکردنی**

عبدالله عبدالرحمن بابان | فاروق محمد علی عباس | واحد حمه صالح

عبد الجبار محمد شریف | ئازاد عمـر سیـد أحمـد | خواجه طه شاهین

**وەرگێڕانی له زمانی عەرەبییەوە**

صادق عثمان عارف

**پێداچوونەوەی زمانەوانی**

رسول احمد رسول

**سەرپەرشتی زانستی چاپ:** كريم حسن علي

**سەرپەرشتی هونەری چاپ:** خالد سليم محمود

**نەخشەسازی ناوەوە:** یوسف احمد اسماعیل

**نەخشەسازی بەرگ:** رەوەند سعيد صابر

**تایپ:** یوسف احمد اسماعیل

**فۆتۆ:** شێرزاد رسول فقي

**جێبەجێکردنی بژاری هونەری :** نێرگز نورالدين کاکە مصطفى

چاپی حەوتەم

١٤٤٣ کۆچی - ٢٠٢٢ زایینی - ٢٧٢٢ کوردی

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

### پێشەکی:

ئـەم کتێبـە - پـەروەردەی ئیسـلامی بـۆ پۆلـی هەشـتەمی بنەڕەتـی- هەنگاوێکـی دیکـەی نێوکاروانـی گۆڕانـکاری و گەشـەپێدانی بەرنامـەی پـەروەردەی ئیسـلامییە.

لـە ئامادەکردنـی ئـەم بەرنامەیـەدا ڕەوتێکـی نـوێ ڕەچاوکـراوە، ئەویـش بایەخدانـە بەپەنـد وەرگرتـن لەژیانـی پێغەمبـەران و هەندێك لە هـاوەڵان و شـوێنکەوتوان و زانایان، وەك سەرمەشقی خزمەتکـردن و بانگـەواز بـۆ ئاینـی ئیسـلام و خوداناسـی، ئەمـە سـەرەڕای ئامـاژە پەرستشـییەکان، بەمەبەسـتی بەرچـاو ڕونکردنـی نەوەکانمـان و شـارەزابوونیان لەئایـن و پەروەردەکردنیـان بەشـێوەیەك ڕۆڵـی خۆیـان لەبنیاتنانـی ئاینـدەی نیشـتماندا بگێـڕن.

وەك لەدەسـتپێکی کتێبەکانـی پێشـتری ئـەم بەرنامەیـەدا ئاماژەمـان پێکـردووە، ڕۆڵـی لیژنـەی دانـان لێـرەدا کۆتایـی پێدێـت و ئەرکـی هاوڕێیانـی پەروەردەکارمـان دەسـت پێـدەکات لەگەیاندنـی ئـەم پەیامـە بـە ڕۆلەکانمـان. هـەر کـەم و کـوڕی و هەڵەیەکیـان بەدیکـرد هیواداریـن ئاگادارمـان بکەنـەوە تـا لـە چاپەکانـی داهاتـودا چارەسـەریان بکەیـن.

لەخـودای باڵادەسـت دەخوازیـن هەموومـان سـەرکەوتوبکات بـۆ بەئامانـج گەیاندنـی کاروانـی پەروەردەیـی لـە کوردسـتاندا.

**خودا پەناگەی سەرکەوتنە...**

**لیژنەی ئامادەکار**

وقل رب زدني علما

# وەرزی یەکەم

ترتيبها ١٠٣

# سُورَةُ العَصۡرِ

آياتها ٣

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلۡعَصۡرِ ١ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ٢ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ٣

# وانەی یەکەم

# چاکەکاری لە خوداپەرستی

خودای گەورە فەرمویەتی:( بَلَىٰۚ مَنۡ أَسۡلَمَ وَجۡهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحۡسِنٞ فَلَهُۥٓ أَجۡرُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦ وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ) (البقرة ١١٢). وفەرمویەتی:(وَمَنۡ أَحۡسَنُ دِينٗا مِّمَّنۡ أَسۡلَمَ وَجۡهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحۡسِنٞ وَٱتَّبَعَ مِلَّةَ إِبۡرَٰهِيمَ حَنِيفٗاۗ وَٱتَّخَذَ ٱللَّهُ إِبۡرَٰهِيمَ خَلِيلٗا) (النساء ١٢٥).

چاکترین شێوازی خوداپەرستن لەئاین، بریتییە لەوەی لە وەڵامی پرسیاری حەزرەتی (جبرائیل) لەبارەی ئیسلام و باوەڕبوون هاتوە، کە چوە لای پێغەمبەر (د.خ) لەشێوەی پیاوێکی زۆر سپی و پرچ ڕەش و ماندوبوونی پێوە دیارنەبوو، هاوەڵانی پێغەمبەر(د.خ لەچوار دەورەی دانیشتبوون (جبرائیل)یان نەناسی، ئەوەندە لەپێغەمبەر نزیك بووە تاوەکو چۆکی بەر چۆکی کەوت و دەستی لەسەر ڕانەکانی دانا و پرسیارێکی گرنگی دەربارەی ئیسلام لەپێغەمبەر(د.خ) کرد.

ئینجا پرسیاری باوەڕداری و چاکەکاری لێکرد، پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی:(**ان تعبد الله كأنك تراه فإن لم تكن تراه فانه يراك**) ئەم فەرمودەیە، چەند و اتایەکی گەورە و مەزنی هەیە.

## چاکەکاری دوو حاڵەتی هەیە:

**یەکەم** - ئەوەیە کە مرۆڤ خودای گەورە بەدڵ ببینیت، هەر وەك ئەوەی بەچاو دەیبینیت، هەر وەکو خۆی فەرمویەتی ئەگەر تۆش نەیبینیت ئەو دەتبینێت. ئەمە واتای ڕاستی پەرستشە و بەمەش ڕەزامەندی پەروەردگار بەدەست دێنێت و سەرکەوتو دەبێت.

**دووەم** – ئەوەیە بهێنیتە بەرچاوی خۆت کە پەروەردگار هەموو کارەکانت دەبینێت، هەروەکو فەرمویەتی هەموو کارێك دەبینێت.
بەرهەمی ئەم دوو حالەتەش ناسینی خودایە بەڕاستی.
ئەم واتایە زۆر لەقورئان باس کراوە خودا دەفەرموویت: (أَلَآ إِنَّهُمۡ يَثۡنُونَ صُدُورَهُمۡ لِيَسۡتَخۡفُواْ مِنۡهُۚ أَلَا حِينَ يَسۡتَغۡشُونَ ثِيَابَهُمۡ يَعۡلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعۡلِنُونَۚ إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ )(هود - ٥).
پەروەردگار لەقورئانی پیرۆز بۆمان ئاشکرا دەکات هیچ شتێك لای ئەو ون نییە و نهێنیەکان ئاشکران، ئەو ئاگای لەناخی هەموو کەسێکە، جا ئاشکرابێت یاخود نهێنی، ئەگەر مرۆڤی بێ توانا هەستی پێ بکات، کە خودای گەورە لەو بێئاگا نییە ئاگاداری هەموو شتێکە لە بڕواداری و ترس لەپەروەردگار.

## پرس

١- کێ چوە لای پێغەمبەر (د.خ) و پرسیاری کاروباری ئاینی لێپرسی؟ پرسیارەکەی دەربارەی چاکە بوو. مەبەستی چی بوو؟
٢- لەم ئایەتە پەروەردگار ئاماژە بەچی دەکات: (بَلَىٰۚ مَنۡ أَسۡلَمَ وَجۡهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحۡسِنٞ فَلَهُۥٓ أَجۡرُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦ وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ )(البقرە ١١٢).

## چالاکی

بە پشت بەستن بە زانیارییەکانی خۆت و هاوکاری مامۆستا، بابەتێك بنووسە دەربارەی چاکە لە زۆر لایەنەوە.

# وانەی دووەم

## دوای مردنی مرۆڤ چ شتێك بەسودە

پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی: ( **اذا مات ابن ادم انقطع عمله إلا من ثلاث صدقةٌ جاريةٌ أو علمٌ يُنتفعُ به أو ولدٌ صالحٌ يَدعو له**).

واتا: مرۆڤ دوای مردنی دادەبڕی لەدنیا و هیچ کردارێکی بۆ نامێنێت، تەنها لەسیانیان نەبێت ئەوانیش:

١ - چاکەی نەبڕاوە، وەك تەرخانکردنی بەرهەمی باخێك بۆ خواردنی هەژاران، یان خانویەك بۆ نیشتەجێبوونی هەژارێك، یان کەم دەرامەتێك، کە بەردەوام سودی لێ وەردەگرێت.

٢ - سود وەرگرتن لەزانست و زانیاری، هەرکەسێك دوای مردنی، بەبێ کەمکردنەوەی پاداشتی چاکەکەی لەدنیا و دوارۆژدا بەردەکەوێت.

٣ - پاڕانەوە و نزای وەچەیەکی باش بۆ کەسی مردو کەپێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: (ولد صالح يدعو له) مرۆڤی بێ سوود نە بایەخ بەخۆی و نە بەدایبابی نادات، ئەمەش ئاماژەیە بەگرنگیدان بەپەروەردەی ڕاستەقینەی منداڵان، تا سوود بەخش بن لەژیان و دوای مردنیش، کە پێغەمبەر (د.خ) ئاماژەی پێکردوە نزا بۆ دایبابی لەدوای کەسانی دیکە لەخزمان، باشترە لەوەی پاداشتی پەرستشی بۆ بکەی.

هەروەها نزای برای موسڵمان سودی هەیە هەرچەندە کەسێکی نزیك نەبێت کەخودای گەورە فەرمویەتی:

( وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعۡدِهِمۡ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا وَلِإِخۡوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَا تَجۡعَلۡ فِي قُلُوبِنَا غِلّٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٞ رَّحِيمٌ )(الحشر ١٠).

پەروەردگار باس لەو کەسە چاکانە دەکات کە نزا بۆ خۆیان و ئەو کەسانە دەکەن

كە باوەڕدارن، ئەو كەسە مردو بێت یان زیندو، پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی هەر موسڵمانێك مرد (٤٠) چل پیاوی باوەڕدار لەسەر جەنازەكەی ئامادەبوون، خودای گەورە بەبەر لێخۆشبوونی خۆی دەخات، هەروەها پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی مردو سودمەند دەبێت لەنزای ئەو كەسانەی نوێژی مردوی لەسەر دەكەن. هەروەها نزای منداڵ بۆ دایباب وەك كرداری خۆیان وایە، چونكە بەرهەمی ئەوانە.

## پرس

١- ئەو كردارانە چین كە سودیان بۆ مرۆڤ هەیە لە دوای مردنی؟

٢- بۆچی منداڵ بەكرداری مرۆڤ هەژمار دەكرێت؟

٣- مەبەست لە زانستی سودبەخش چییە؟

## چالاكی

بە یارمەتی مامۆستاكەت ئەمانە راڤە بكە:

- خودای گەورە فەرمویەتی:( وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعۡدِهِمۡ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا وَلِإِخۡوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَا تَجۡعَلۡ فِي قُلُوبِنَا غِلّٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٞ رَّحِيمٌ )(الحشر١٠).

- پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی : (هەر موسڵمانێك مرد و چل باوەڕدار نوێژی لەسەر بكەن بەبەر لێخۆشبوونی خودا دەكەوێت).

# وانەی سێیەم

## برایەتی و پێکەوە ژیان



نـەوزاد داوای کـرد لەسـەرداری هاورێـی کـە سـەبارەت بـە هۆگـری و پێکـەوە ژیـان بـۆی بدوێـت.

سـەردار گوتـی: گوتاربێـژی هەینـی مزگەوتەکـەی نزیکمـان، گوتـاری ئـەم هەفتەیـەی تایبـەت کردبـوو بەباسـی برایەتـی و پێکـەوە ژیـان لەئیسـلامدا، دەیگـوت: ئیسـلام ئاینـی خۆشەویسـتی و ڕێـز و خوێندنـەوەی بەرانبـەر و یەکسـانی نێـوان مرۆڤـەکان و ڕەگەزەکان و گەلانـە، پێغەمبـەری سـەروەر (د.خ) پەیامەکـەی لەسـەر بنەمـای بانگـەواز بـۆ یەکترناسـین و برایەتـی مرۆیـی دارشـتووە.

ئـەم بنەمایـەی کـە بناغـەی پەیوەنـدی مرۆڤەکانـە: (**لا فَضـلَ لِعَربـيَ علـى أعجَمـيّ**

**ولا لأعجميّ على عربيّ إلاّ بالتقوى**). ئەمە ڕەهەندێکە لێبوردەیی و مرۆڤدۆستی دەکاتە بناغەیەکی پتەو لەپەیوەندیەکاندا، تاوەکو هەموان بەخۆشەویستی و برایەتی بژین کە لەم ئایەتە پیرۆزەدا بەدی دەکەین: (یَـٰٓأَیُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَـٰكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَـٰكُمۡ شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ) (الحجرات ١٣).

## گفتوگۆ

١- پەیامی ئاسمانی چیە؟

٢- نمونەی بانگهێشتکردن بۆ برایەتی بەفەرمودەیەکی پێغەمبەر بێنەرەوە.

## چالاکی

ئەم ئایەتە پیرۆزە ڕاڤە بکە:

(یَـٰٓأَیُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَـٰكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَـٰكُمۡ شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ) (الحجرات ١٣).

# وانەی چوارەم

## دادگەری (دادپەروەری)

خـودای گـەورە دەفەرموێـت: ( إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَيَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡبَغۡيِۚ يَعِظُكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ )(النحـل ٩٠).

لەم ئایەتە سێ بنەمای پەیامی خودایی هاتووە:

١- دادگەری.

٢- چاکەکاری بەجوانترین شێوە.

٣- مافدان بەکەس و کار(خزمان و دۆستان).

### بنەمای یەکەم - دادگەری

بریتییـە لـە (هاوسـەنگی ڕاگرتـن لـە مامەڵـە و ئـاڵ و گـۆڕدا) هەروەهـا بەرانبـەر بـە پرۆسـەی سـولح و نەهێشـتنی ناحەزیـدا. بناغەیەکـی گرنگـە کـە بەرپـرس لەسەرپەرشـتی کردنـی ژێـر دەسـتانیدا ڕەچـاوی بـکات. دادگـەری چەنـد ڕەهەندێکـی هەیـە:

١- مـرۆڤ لەگـەڵ دەروونـی خۆیـدا ئەویـش بـە (جڵـەو گیـری دەروون لەتەمـاع و ڕاهێنانـی لەسـەر ڕازیبـوون و قەناعـەت).

٢- لەنێـو مرۆڤەکانـدا بـە (ئامـۆژگاری یەکتـر کـردن و دورکەوتنـەوە لەناپاکـی و ئـازاردان و ئـاکاری ئاشـکرا و نهێنـی وەك یـەك بێـت).

## دادپەروەری لەحوکم وفەرمانڕەواییدا

خودای کاربەجێ فەرمویەتی: (...وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ ۚ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِ ۗ إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا )( النساء ٥٨)

خودای گەورە بەرژەوەندی و کاری هاونیشتمانیانی بە دادوەرەکان سپاردوە، بۆیە پێویستە ئەوانیش دادگەربن لەحوکمداندا، بە یەکسانی مامەڵەی هەردوو لایەنی دادوەری بکەن لەحوکم، تەنانەت لە سەیرکردنیشدا لایەنگری پێوە دیارنەبێت. هەروەها لەسەر دادوەرەکان پێویستە بە ئارامی ونەرمی قسەبکەن ودوربن لەئارەزوبازی ولایەنگری چونکە دادگەری بناغە و بیمەی دەسەڵاتە.

## دادپەروەری لەگەواهیداندا

ئـ - بەرانبەر ناحەز و دوژمنیش، دادگەری پێویستە. خودای گەورە فەرمویەتی:

( وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَىٰ أَلَّا تَعْدِلُوا ۚ اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ )(المائدة ٨).

دادگەری بەرانبەر دوژمن و بێباوەڕیش، جیاوازی نییە لەگەڵ نزیکەکان و باوەڕدارانداا هیچ پاساوێك دروست نییە بۆ لایەنگری، ئەمەش دەبێتە هۆی دانەبەزینی قین و خەشمی خودا و هێمایە بۆ گوێڕایەڵی پەروەردگار.

ب- بەرانبەر خزمان ونزیکان: خودای گەورە فەرمویەتی: (وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ ) (الانعام ١٥٢).

واتا: ئەگەر ئەو کەسەی حوکمەکە بەرانبەری دەکرێت لەخزمانیش بێت، پێویستە هەر دادگەرانە بڕیاربدرێت نە زیادەڕەوی و نەکورت هێنان بەرانبەری بکرێت، یان لەدادگەری لابدرێت و لەسزا دەربازبێت. چونکە ئەو ڕەفتارە مافی خەڵکی تری تێدا ون دەبێت و سپاردەکان دەشێوێن.

# وانەی پێنجەم



## بنەمای دووەم - چاکەکاری

تەنها بە بنەمای دادپەروەری کۆمەڵگە توند و تۆڵ و یەکگرتوو نابێت، بۆیە بنەمای دووەمیش پێویستە کە: چاکەکارییە.

چاکەکاری لەجوانترین شێوەدا، گەیاندنی خێر و خۆشی بەخەڵك وگەیشتن بەپلەی هەرەبەرز لەکاری دنیا و دوارۆژیشدا. کە گەیشتنە بەپلەی هەرەجوان و تەواو و تەریب بەفەرمانی خودا و سوننەتی پێغەمبەرمان (د.خ)، هەروەها نەوەستان لەئاستی بەجێهێنانی ئەرك، بەڵكو تێپەڕاندنی ئەو ڕەوشە بەرەو پێشبرکێ لەچاکەدا.

## بنەمای سێیەم - مافدان بەخزمان ونزیکان

فەرمانمان پێکراوە کە کەس و کار و نزیکەکان بێبەش نەکەین لەوەی خودا پێی بەخشیوین، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی توند و تۆڵکردنی پەیوەندی نێوان خێزان و تاکەکانی، خۆشەویستی و سۆز و هاوکاری گەشە دەکات. بەمەش کۆمەڵگە بەئاراستەی

چاکـه و خۆشـگوزەرانی هەنـگاو دەنێـت.

کەواتـە بـە پیادەکردنـی ئـەم سـێ بنەمایـە سیسـتەمێکی کۆمەڵایەتـی بەهێـز بـەدی دێـت و هۆکارەکانـی کێشـە و پەرتبـوون لاواز دەبـن، بەختـەوەری لەنێـوان خەڵکدا باڵدەکێشـێت و دەرون و دڵـەکان ئاسـودە دەبـن.

## گفتوگۆ

١- پێناسەی دادپەروەری بکە، چەند جۆرە؟

٢- گەواهیـدان چـۆن دەبێـت گـەر دژی دوژمنیـش بـوو؟ وەڵامەکـەت بەئایەتێکـی قورئـان پشـتگیری بکە.

٣- ئەمانە شیبکەرەوە:

ئ- خودای گەورە فەرمانی پێکردوین لەبەخشیندا خزمان بێبەش نەکەین.

ب- بۆچـی پێویسـتە پلـەی (إحسـان) چاکـەکاری بگاتـە ئاسـتی لوتکـەی هـەرە جـوان و پوختـی.

# وانەی شەشەم
# ئەمەكداری

خـودا دەفەرموێـت: (وَأَوۡفُوا۟ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ إِذَا عَـٰهَدتُّمۡ وَلَا تَنقُضُوا۟ ٱلۡأَیۡمَـٰنَ بَعۡدَ تَوۡكِیدِهَا وَقَدۡ جَعَلۡتُمُ ٱللَّهَ عَلَیۡكُمۡ كَفِیلًاۚ إِنَّ ٱللَّهَ یَعۡلَمُ مَا تَفۡعَلُونَ )(النحل٩١).

ئەمەكـداری پابەندبوونـە بـە پەیمانـەوە، دەبێتـە هـۆی ڕەزامەنـدی خـودا و بنەمایەكـی ئاینییـە. بەمەرجێـك ئـەو پەیمانـە زیـان گەیاندنـی بـۆ هیـچ كـەس و هانـدەر نەبێـت بـۆ تـاوان و پشـتگیری لـەكاری نـاڕەوا و ڕێگـری لەبەرنامـەی خودایـی تێـدا نەبێـت.

گرنگـە لەپەیمـان بەسـتندا خـودای پـەروەردگار بەچاودێـر بزانرێت، كە بێگومان لێپرسـینەوە لەگەڵ پەیمانشكێن دەكات.

بردنەسـەری پەیمـان لەسیفەتی مرۆڤـە هۆشـمەندەكانە، وەك خـودا دەفەرموێـت: (ٱلَّذِینَ یُوفُونَ بِعَهۡدِ ٱللَّهِ وَلَا یَنقُضُونَ ٱلۡمِیثَـٰقَ ) (الرعـد٢٠). لـەم ئایەتـەدا ئامـاژەی تێدایـە كـە مرۆڤـە ژیـرەكان بـە ئەمەكـن بـۆ پەیمانەكانیـان و پەیمانشـكێنی ناكـەن. چونكـە خـودای گـەورە بەگەواهیـدەر و چاودێـر دەزانـن.

## جۆرەكانی ئەمەكداری

١- پابەندی و وەفاداری بەگرێبەستەوە.

خـودای گـەورە دەفەرموێـت: (یَـٰۤأَیُّهَا ٱلَّذِینَ ءَامَنُوۤا۟ أَوۡفُوا۟ بِٱلۡعُقُودِۚ أُحِلَّتۡ لَكُم بَهِیمَةُ ٱلۡأَنۡعَـٰمِ إِلَّا مَا یُتۡلَىٰ عَلَیۡكُمۡ غَیۡرَ مُحِلِّی ٱلصَّیۡدِ وَأَنتُمۡ حُرُمٌۗ إِنَّ ٱللَّهَ یَحۡكُمُ مَا یُرِیدُ ) (المائـدة ١).

واتـا: بەئەمـەك بن و ئـەو پەیمـان و گرێبەسـتانە بپارێـزن كـە پابەندیتـان پێـوە ڕاگەیانـدووە، گرێبەسـت لەئیسـلامدا لەسـەر ئـەم بنەمایـە بەندە:

پێویستە لەسەر هەركەسێك پابەندبێت بە پەیمان و گرێبەستیەوە، گەر ڕێگری نەبوو.

ئەم گرێبەستانەش:

ئـ- لەناخی بەندەکان خۆیاندایە، وەك ئەوەی: (خۆی سوێند دابێت لەسەر ئەنجامدانی کارێکی ڕێپێدراو).

ب- له نێوان خودا و بەندەکه دایه (ئەرکە شەرعیەکانی وەك نوێژو زەکات...هتد).

پ - لەنێوان مرۆڤەکاندا، وەك: (شەریکی، هاوبەشیکاری).

٢- سەرڕاستی لەپێوان و کێشاندا.

خودا دەفەرموێت: ( وَأَوۡفُوا۟ ٱلۡكَيۡلَ إِذَا كِلۡتُمۡ وَزِنُوا۟ بِٱلۡقِسۡطَاسِ ٱلۡمُسۡتَقِيمِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٌ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ) (الاسراء ٣٥).

خودای میهرەبان فەرمانمان پێدەکات لەکێشان و پێواندا سەر ڕاست بین، کە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی کڕیار و خۆشنودییان، سەرەڕای پاشەڕۆژی گەش و ڕەزامەندی خودای پەروەردگار و پاداشتی لەدوارِۆژدا.

| وشه | مانا |
|---|---|
| ١- العقود | گرێبەست و پەیماننامەیەك لەسەرخۆت کردبێت بەماڵ یان لەنێوان خۆت و کەسانی دیکەدا بێت یان بە نووسراوی. |
| ٢- ذا القربى | کەسە نزیکەکان (خزمانی نزیك). |
| ٣- اوفوا الكيل | سەر ڕاست بن لەپێوان لەگەڵ کڕیار. |
| ٤- القسطاس المستقيم | شایان (تەرازووی دادگەرانە). |
| ٥- اولو الألباب | ئەو هۆشمەندانەی شوێن ئارەزوو نەکەوتون. |
| ٦- هو اقرب للتقوى | دادگەری لە خوداناسییەوە زۆر نزیکە. |
| ٧- يتذكّر | پەند وەردەگرێت. |
| ٨- لا يجرمنّكم شنآن قوم | ستەم و تاوانی کەسانی دیکە نەبێتە هۆی هەڵەکردن و ستەمکردنتان. |

## گفتوگۆ

١- واتای پابەندی بە پەیمانی خوداوە چییە؟

٢- گرێبەست لەئیسلامدا چی دەگرێتەوە؟ جۆرەکانی بلێ.

٣- (سەرڕاستی و کێشان و پێوانی دروست، چاکترە بۆ ژیانی دنیامان). ئەم دەستەواژەیە شیبکەرەوە.



# وانەی حەوتەم

## ڕێزگرتن



پرسی ڕێزگرتن لەنێو مرۆڤەکاندا پرسێکی خوازراو و گرنگە، مرۆڤ پێویستە بیکاتە سیمای خۆی و بە بەهایەکی باڵای مرۆیی بزانێت.

پێغەمبەری خودا(د.خ) فەرمویەتی:(**ما من مسلم يكرم ذا الشيبةِ، إلاّ قيّضَ اللهُ له مَن يُكرِمُه في سِنِّهِ** )(رواه الترمذی).

پێغەمبەری سەروەرمان محمد(د.خ) لەو فەرموودەیەی سەرەوەدا بانگهێشتی کردوین بۆ ئەو بەهایە، کە ئاکارێکی پەسند و باڵایە و ڕونی کردۆتەوە، گەر لاوێك ڕێز و شکۆمەندی بۆ بەساڵاچویەك دابنێت، خودای پەروەردگار دڵی کەسانی گەنج بۆ ئەویش نەرم دەکات، کاتێك تەمەنی گەورە بوو بۆ ئەوەی ڕێزی بگرن.

بۆیە پێغەمبەر(د.خ) کلتوری ڕێزگرتنی بە بەشێکی سەرەکی بەرنامەی ژیانی ڕۆژانە لەقەڵەمداوە. هەر لەڕێی ڕێزگرتن و خوێندنەوەی بەرانبەریشە، دەتوانین بچینە دڵی یەکتر و یەکترمان خۆشبوێت.

ڕێزگرتن لە ئاینی ئیسلامدا پێگەی دیاری هەیە و جەختی لەسەر کراوەتەوە، ئەم سیفەتە لەئاکاری باوەڕدارانە و پێویستە ئەوان پێشەنگ بن و ڕێز لەم کەسایەتی و بوارانە بگرن:

١- کەسانی بەتەمەن و بەساڵاچو. پێغەمبەر(د.خ) فەرمویەتی: (**لیسَ مِناّ مَن لَم یَرحَمْ صغیرَنا ویُوَقّرْ کبیرَنا** ) واتا: ئەو کەسەی بەزەیی بەبچوکەکانماندا نەیێتەوە و ڕێزی شایستە لەگەورەکانمان نەگرێت، لەئێمە نییە.

٢- ڕێز لەمامۆستایان بگرن لەبەر زانست و پلەی زانایییان، یەکێك لەفێرخوازانی بەردەستی پێشەوا شافیعی دەڵێت: ( سوێند بەخودا لەڕوی شافیعیدا تەنانەت ئاوم بۆ نەدەخورایەوە ).

٣- ڕێز لەکارگوزارانی شەقام و قوتابخانە بگیرێت لەبەر ماندوبوونیان.

٤- ڕێزگرتن لەمیوان لەئاکاری باوەڕدارانە، پێویستە ڕومان لەگەڵیان خۆشبێت وپێشوازییان لێبکەین بێ جیاوازی کردن لەنێوان هەژار و دەوڵەمەندا.

٥- ڕێزی هاوبەش لەنێوان کارمەندان و هاوڵاتییان تا کارەکانیان بە شێوەیەکی گونجاو ڕایی بکرێت.

٦- ڕێزگرتن لەنێوان کڕیار و فرۆشیاران، مامەڵە خۆشی و سانایی لەفرۆشتندا. پێغەمبەر(د.خ) فەرمویەتی: ( **رَحِمَ اللهُ إمرءاً سَمحاً إذا باع وإذا آشترى، وإذا اقتضى**). واتا: (خودا ڕەحم بەمرۆڤی ئاسانکار و لێبوردەبکات، لەفرۆشتن و کڕین هەروەها دادوەریدا).

٧- ڕێزگرتنی شوێنکەوتوانی ئاینەکانی دیکە.

٨- ڕێزگرتنی یاسا بە جێبەجێکردنی.

## سوود

سوود لەم وانەیە:

١- بە ڕێزگرتنی دایبابم دەیسەلمێنم خۆشم دەوێن.

٢- کاتێـك دایبابـم قسـەم بـۆ دەکـەن، گوێگرتنـم بۆیـان بەڵگەیـە لەسـەر هەسـتکردنم بـە بەرپرسـی.

٣- بـە گوێڕایەڵـی بـۆ ئامۆژگارییەکانـی دایبابـم دەیسـەلمێنم ژیـر و بـە ڕەوشـتم لەماڵ و قوتابخانـە.

٤- بەڕێزگرتن خەڵك لە هەموو بوارێکدا، پەیوەندییەکان کۆمەڵگە پتەو تر دەبن.

٥- بەڕێزگرتنی خەڵك خۆشەویستی باڵ بەسەر کۆمەڵگەدا دەگرێت.

## گفتوگۆ

١- واتای وشەی(ذا الشیبە) لەفەرمودەکەی پێغەمبەردا شیبکەرەوە.

٢- پێغەمبەری سەروەر(د.خ) لەو فەرمودەیەدا بۆچی بانگهێشتمان دەکات؟

٣- ڕێزگرتن لەخەڵکی چۆن دەبێت؟

## چالاکی

١ - جۆرەکانی ڕێزگرتن بژمێرە.

٢ - سودەکانی ڕێزگرتن چین؟

٣ - مامۆسـتا داوا لـە قوتابییـان بـکات بەسـەر هاتێـك دەربـارەی ڕێزگرتـن بنوسـن و لـە پۆلـدا بـۆ هاوپۆلەکانیـان بگێڕنـەوە.

## وانەی هەشتەم

## بەزەیی و سۆز



ئـەم خەسـڵەتە لەسروشـتی مرۆڤـە، لـەدڵ و هەسـتیدا بەدرێژایـی تەمـەن بەردەوامـە، لەیاسـا و ڕێسـا ئیسلامیەکانیشـدا پێگەیەکـی فراوانـی هەیـە. بەشـێکە لەڕەحمـەت و میهرەبانـی خـودا بـۆ بەندەکانی.پێغەمبـەر (د.خ) دەفەرموێـت: (**إنَّ الله رفيـقٌ يُحِـبُّ الرِّفـقَ ويُعطـي علـى الرِّفـقِ مَـا لا يُعطـي علـى العُنـفِ ومَـا لا يُعطـي علـى ما سِـواهُ** ).

واتـا: بێگومـان خـودای پـەروەردگار خـاوەن سـۆزە و ئـەو خەسڵەتەشـی خۆشـدەوێ، لەهەر کەسێکشـدا سـۆز و میهرەبانـی هەبێـت خـودای گـەورە پاداشـتی ئەوتـۆی دەکات کە بەمرۆڤـی ڕەق وتونـد ڕەفتـاری نـادات.

سـەرجەم ئاماژەکان ئـەوە دەگەیەنـن کـە موسـڵمانان لەنێـو خۆیانـدا سـۆزێکی بەهێـز پێکـەوە دەیانبەسـتێتەوە و لەگـەڵ دەرەوەی خۆشـیان هـەر میهرەبانـن. بـەڵام مرۆڤەکان لەم هەسـتەدا جیـاوازن و وەك یـەك نیـن، ژیانیـش بێ ئەم خەسـڵەتە واتای دروسـت نابەخشـێت. مـرۆڤ هەسـتی خۆشەویسـتی و ڕقلێبونەوەشـی هەیـە، شـادبوون و دڵتەنگیشـی دەبێـت،

پێکەنین و گریانیش دەیگرێت، نەرمی و توندیشی تێدا بەدیدەکرێت، کە ئەمانە هەموو لەسۆزگارییەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام گرنگ ئەوەیە بوارەکانی سۆزگەری لەجێی خۆیدا ئەنجام بدرێن.

## بوارەکانی سۆزیاری

### ١- لەنێو مرۆڤەکاندا:

ئـ - سۆز بەرانبەر دایباب: منداڵ دایبابی خۆشدەوێت و گوێڕایەڵیان دەبێت و خزمەتیان دەکات. لەنەخۆشیدا هاوکاریانە و پێداویستیان بۆ جێبەجێدەکات لەهەمان کاتدا جێی پرس و ڕا و ڕاوێژن بۆی.

ب - سۆزی دایباب بەرانبەر منداڵەکانیان: بریتییە لەخۆشویستن و پەیداکردنی بژێوی و کێشانی نەخشەی ژیانی داهاتویان، شەونخونی و پەروەردەکردنیان. وێنەی میهر و سۆزی باوك بۆ جگەر گۆشەکەی، لەنموونەی یەعقوبدا بەرجەستەیە کە لەدووری و لەتاو دابڕانی یوسفی کوری بینایی چاوەکانی لەدەستدا. وەك لەبەشە ئایەتێکی سورەتی یوسف لەقورئاندا هاتووە: ( وَتَوَلَّىٰ عَنۡهُمۡ وَقَالَ يَـٰٓأَسَفَىٰ عَلَىٰ يُوسُفَ وَٱبۡيَضَّتۡ عَيۡنَاهُ مِنَ ٱلۡحُزۡنِ فَهُوَ كَظِيمٞ ). (یوسف٨٤)

دەبێت دایبابیش لەنێو منداڵەکانیان دادپەروەر بن، وەك پێغەمبەرمان (د.خ) فەرموویەتی: ( **اتقوا الله واعدلوا فی اولادكم** ).

پ - سۆزی هاوسەر: هاوسەران هاوبەشن لەژیاندا،و پێکەوە بەسەری دەبەن، سەرپەرشتی و بەخێوکردنی منداڵیان لەئەستۆدایە، ڕێز و پێزانین لەنێوانیاندایە. خودای گەورە دەفەرموێت: ( وَمِنۡ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَنۡ خَلَقَ لَكُم مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ أَزۡوَٰجٗا لِّتَسۡكُنُوٓاْ إِلَيۡهَا وَجَعَلَ بَيۡنَكُم مَّوَدَّةٗ وَرَحۡمَةً ...) (الروم ٢١). هەروەها پێغەمبەر(د.خ) سەبارەت سۆز بەرانبەر خێزان دەفەرموێت: ( **خِيارُكُمْ خيارُكُم لِنسائِكُم** ).

ت – سۆزیاری لەگەڵ کەس و کاردا: موسڵمان هەمیشە پەیوەندی لەگەڵ کەس و کاریدا دەپارێزێت و سەردانیان دەکات بەتایبەتی ئەگەر کەسێك لێی دابڕابێت.

پێغەمبەر دەفەرموێت(د.خ): (**اتقوا الله وصِلوا أرحامكُم**).

ج – سۆز و بەزەیی بەرانبەر نەخۆش: موسڵمان سەردانی برای موسڵمانی نەخۆشی دەکات، چونکە خودای گەورە ئەو کارەی زۆر پێخۆشە و پاداشتی لەسەردەداتەوە، پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: (**مَنْ عادَ مريضاً لم يزلْ يخوضُ الرحمةِ حتى يجلسَ فإذا جلسَ غُمِرَ فيها**).

چ – بەزەیی بەسواڵکەردا: سەبارەت بەسواڵکەر، موسڵمان نەرمی دەنوێنێت و بێبەشی ناکات گەر نەدار بوو. ( وَأَمَّا ٱلسَّآئِلَ فَلَا تَنۡهَرۡ )(الضحى ١٠).

ح – سۆز لەبەرانبەر بێوەژناندا: مرۆڤی باوەڕدار بەخشینی هەیە و خێری دەوێت بۆ بێوەژنان، پێغەمبەر (د.خ) لەم ڕووەوە دەفەرموێت: (**الساعي على الأرملة والمسكينِ كالمجاهدِ فى سبيل الله تعالى أو القائمِ الليلِ أو الصائمِ النهارَ**).

خ – سۆز بەرانبەر هەتیو: موسڵمان دڵ نەرم و بەخشندەیە لەگەڵ هەتیو، پێغەمبەریش (د.خ) لە پلە و پایەی ئەو کەسانەی بەرز کردۆتەوە کە هاوکاری هەتیو دەکەن، کە فەرمویەتی:(**أنا و كافل اليتيم كهاتين**) هەردوو پەنجەی بەرز کردەوە.

# وانەی نۆیەم



**٢- بەزەیی و سۆز بەرانبەر گیانلەبەران:**

ئاینی ئیسلام بە بەزەییەوە دەڕوانێتە گیانلەبەران، ئەوانیش وەك مرۆڤ جیهانی تایبەت بەخۆیان هەیە، خودای گەورە خاوەندارێتی بە مرۆڤ بەخشیوە، تا بەسۆز بێت بەرانبەر زیندەوەرانی دیکە، هیلاکیان نەکات، خۆراك و جێی حەوانەوەیان بۆ دابین بکات، لەتوانای خۆیان زیاتر ئەرکیان بەسەردا نەدات.

لەسەردەمی جێنشین عومەری کوری عەبدولعەزیزدا کەسێك ئەسپەکەی ماندو کردبو لەسەرو توانایەوە، بۆیە جێنشین فەرمانی دا تا سێ ڕۆژ ئەو ئاژەڵە لەمۆڵەتدا بێت و بحەوێتەوە و خزمەت بکرێت.

### ٣- سۆز بەرانبەر ڕووەك:

لـەم ڕووەشـەوە ئاینـی ئیسـلام مرۆڤـەکان هانـدەدات لەسـەر چانـدن و سـەوزکردن و ئـاودان، پاداشـتی بـۆ ئـەو بـوارە دیاریکـردووە، ڕێگـری کـردووە لەبڕینـی درەختـی زینـدوو (سـەوز) و سـزای لەسـەر دانـاوە، چونکـە سـەرەڕای بەخشـینی جوانـی بەسروشت فاکتەرێکـی سەرەکیشـە بـۆ خاوێنکردنـەوەی ژینگـە و بەرهەمهێنانـی هـەوای پـاك، هەروەها سـەرچاوەیەکی گرنگـی داهـات وئابوورییـە بـۆ هاوڵاتییـان. هـەروەك نیشـانەی شارسـتانیەت و پێشکەوتنیشـە.

## ئەنجامی سۆز و بەزەیی

لە ئەنجامی بەزەیی و میهرەبانیدا مرۆڤ دەگاتە ئەوەی:

١- تونـد و تۆڵـی پەیوەنـدی لەگـەڵ خزمـان و گەشـەدان بـە هاتوچـۆی نێـوان هاوڕێیـان و دراوسـێیان.

٢- پتەوکردنی هەستی هاریکاری و یارمەتیدان.

٣- بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و نوێکردنەوەیان.

٤- ئـەو کەسـەی هەسـتی سـۆزگەرایی تێـدا زینـدو بێـت، دڵـی نەرمـە و دوورە لـە هەڵچـون و مێشکی ئارامـە.

٥- دەروازەی خێـر و خۆشـی و ڕۆزی لێدەکرێتـەوە. پێغەمبـەر(د.خ) دەفەرموێـت: (**مَـنْ سَـرَّهُ أن يُبسـط عليـه رزقُهُ أو يُنسـأ فـى أثـرهِ فَليصـلْ رَحمَـه**).

٦- سـۆز و بەزەیـی نێـوان مرۆڤـەکان هـۆکاری بەدەسـتهاتنی بەزەیـی و میهـری خـودای گەورەیـە بۆیـان، بەبەڵگـەی ئـەم فەرمودەیـە پێغەمبـەر(د.خ) دەفەرموێـت: ( **إرحَمـوا مَـنْ فـى الارضِ يَرحَمُكُـم مَـن فـى السـماءِ** ).

## گفتوگۆ

ئەو کارە چییە لەم وێستگانەی خوارەوەدا پێویستە ئەنجامی بدەیت:

ئ- پیرەمێردێك ببینی کۆڵێکی قورسی هەڵگرتووە.

ب- پیرەژنێك توانای وەستانی نەبێت لەجێیەکدا.

پ - بەتەمەنێك بیەوێت لەشەقامێکدا بپەڕێتەوە.

ت- قوتابییەك تەمەنی لە تۆ زیاتر بێت، بیەوێت قسە بکات.

ج- قوتابییەك ڕەفتارێکی ناشایستەی بەرانبەر مامۆستاکەی ئەنجامدا.

## چالاکی

١- فەرمودەیەکی پیرۆز بنوسە ئاماژە بۆ گرنگی سۆزیاری و نەرمی لەئیسلامدا بکات.

٢- فەرمودەیەك لەسەر بەزەیی و سۆز بەرانبەر بە بێوەژنان.

شیکارێکی گونجاو بۆ ئەم دەستەواژانە بکە:

١- مرۆڤی ڕێزدار بەپێی پێویست دەنگ بەرزدەکاتەوە.

٢- مرۆڤی ڕێزدار ناوبەناو دەست لەبەرژەوەندی خۆی هەڵدەگرێت.

٣- جێنشین عومەری کوڕی عەبدولعەزیز فەرمانی کرد بۆماوەی سێ ڕۆژ ئەسپێك لەحەوانەوەدا بێت و ماندوو نەکرێت.

وەڵامی گونجاو لەنێو کەوانەکاندا بۆ بۆشاییەکان هەڵبژێرە:

١-پێغەمبەری خودا................. چاوەکانی لەتاو لەدەست چونی کوڕەکەی لەدەستدان.

(یوسف ـ یەعقوب ـ شوعەیب)

٢- موسڵمان خاوەن ........... لەبەخشین بەسەر بێ باوکاندا.(دڵێکی نەرمە ـ دڵێکی ڕەقە)

٣- ................ لەبەندکردنی باڵندە و خۆراك لێگرتنەوەی.    (ڕێدەگرم ـ گوێی پێنادەم)

ستوونی یەکەم بە بڕگەی گونجاو لەستوونی دووەمدا بگەیەنە:

| | |
|---|---|
| ١- سۆز و بەزەیی لەمرۆڤدا دەبێتە هۆی بەهێزکردنی | لەگەڵ قوتابیان دەجوڵێتەوە |
| ٢- مرۆڤی ڕێزدار بەزمانی شیرین و پاراو | هزر و هەستی هاوکاری |
| ٣- مامۆستا بەهەستێکی باوکانە یان دایکانە | لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەدوێت |



# وانەی دەیەم

# پەند و ئامۆژگاری لەچیرۆکی پێغەمبەراندا

## ئارامگرتن و خۆگری پێغەمبەر ئەیوب (د.خ)

ئەیـوب (د.خ) یەکێکـە لەپێغەمبـەرە بەڕیزەکانـی خـودا، کەناویـان لـە قورئانـدا هاتـووە و بۆتـە نمونـەی بـاڵا لەئارامگرتـن لەبـەردەم تاقیکردنـەوەی قورسـی خوداییـدا، ئەیـوب لەنـەوەی یوسفە(سـڵاوی خـودای لێبێـت) هاوسـەرێکی دڵسـۆز و بەڕێـزی هەبـووە لەناوچـەی (حـەوران) دەژیـان. خـودا بەخششـی زۆری پێیـان دابـوو لـە کـوڕ و کـچ، زەوی بەپیـت و سـامان و بەروبـوم. جگـە لـە ئاژەڵـی زۆری هەمەچەشـن. سـەرباری ئـەوەی پلـە و پایـەی بـەرز کـردەوە تـا کردیـە پێغەمبـەر.

بەخششـەکانی خـودای لەخزمەتـی میـوان وهەژارانـدا خـەرج دەکـرد، بەشـێوەیەك دەگێڕنـەوە، ژەمێکـی نەدەخـوارد مەگـەر هەژارێـك، میوانێـك لەگەڵـی نەخواردایـە. هـەردەم بانگـەوازی چاکـەی بەگوێـی خەڵـك دەدا و ڕێگـری خراپـەی لێدەکـردن.

خۆشەویسـتی ئەیـوب و خێزانـی چـوە دڵـی خەڵکیـەوە و خاکەڕایـی و کارکـردن بـوە سـیمای دیاریـان، هەرچەنـدە توانـا و دەسـەڵاتیان هەبـوو. لـەم کاتـە زێڕینەدابـوو خـودای گـەورە بـەڵا و تاقیکردنـەوەی گـەورە و گرانـی بـەدوای یەکـدا بۆنـارد. ئەوەبـوو هەواڵـی کوشـتنی جوتیـار و شـوانەکانی پێگەیشـت

- ئەیـوب(د.خ) فەرمـوی: **إنّا للّه وانّا الیـه راجعون**.(هەموومـان موڵکـی خودایـن و بـۆلای ئـەو دەگەڕێینـەوە) (ئەمـە زیکـری تایبـەت بـە بـەڵاو توشـهاتە). دوای ئـەو کوشـتارە بەهـۆی هـەورە بروسـکەوە کێڵگـەی دانەوێلـە و ڕەز و باخیـان گـڕی گـرت.

هێنـدەی نەبـرد، هێشـتا شـوێنەواری گـڕ و سـوتان بـە بەرچـاوەوە بـوو، کارەسـاتێکی دڵتەزێـن سـەری هەڵـدا، ئەویـش مردنـی بەکۆمەڵـی منداڵەکانـی بـوو کاتێـك خانوویـان

بەسـەردا ڕوخـا، ئەمەیـان سـەخت و دژواربـوو بـۆ ژیانـی ئەیـوب، بـەڵام تاقیکردنـەوەی دیکـە لەجەسـتەی خـودی ئەیـوبـدا بەڕێوەیـە، پێسـتی جەسـتەی دەبـوە لیـر و بەڵـەك بەجۆرێـك لەسـەر ڕومەتـی دەردەکـەوت خەڵکـی خۆیـان لـێ بـەدور دەگـرت. تـا وای لێهـات، تەنها هاوسـەری بـە ئەمەکـی لـەلا مایـەوە. بـەم شـێوەیە تەنها مایـەوە دوای لەدەسـتدانی مـاڵ و ڕەز و بـاخ، تەندروسـتی خۆیـی و کۆچـی کتوپـڕی منداڵانـی.

سـەرجەم تاقیکردنـەوەکان بـاوەڕ و وەرەی ئەیوبیـان پتەوتـر دەکـرد تەنانـەت دڵـی هاوسـەرەکەی دەداوە کەخۆراگربێـت لەئاسـت ڕوداوەکانـدا.

ئەیـوب(د.خ) ڕوی لەئاسـمان کـرد و گوتـی: خودایـە، ئـەی بەئـاگا لەحاڵـی بەندەکانـت، مـن توشـی زیـان بـووم و تـۆش میهرەبانتـری، هەمـوو ڕوداوێـك لەژێـر چاودێـری و زانیـاری خۆتدایـە، ئێمـە لاوازیـن و تـۆش بەسـۆز و توانـای، خـۆت دەزانـی چـی باشـە و لەبەرژەوەندی ئێمەدایـە. لـە قورئانـدا هاتـووە: ﴿ وَٱذۡكُرۡ عَبۡدَنَآ أَيُّوبَ إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلشَّيۡطَٰنُ بِنُصۡبٖ وَعَذَابٍ ﴾ (ص ٤١).

ئـا لێـرەدا خـودا فریشـتەی بـۆ نـارد و سـڵاوی خـودای پێگەیانـد و پێـی گـوت: داواکـەت لای خـودا وەرگیـرا و پاداشـتی خۆراگرتنـت بـۆ نووسـراوە، هەروەهـا پێـی ڕاگەیانـد: پـێ بەزەویـدا بـدە و لـەم ئـاوە سـازگارە جەسـتەت بشـۆ و لێـی بخـۆرەوە، پێسـتت لەبەڵەکـی ڕزگاری دەبێـت و چاکدەبێتـەوە بەفەرمانـی خـودا. قورئـان دەفەرمـوێ: ﴿ٱرۡكُضۡ بِرِجۡلِكَۖ هَٰذَا مُغۡتَسَلُۢ بَارِدٞ وَشَرَابٞ(٤٢) وَوَهَبۡنَا لَهُۥٓ أَهۡلَهُۥ وَمِثۡلَهُم مَّعَهُمۡ رَحۡمَةٗ مِّنَّا وَذِكۡرَىٰ لِأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ(٤٣)﴾ (ص ٤٢-٤٣).

ئەیوبـی پێشـەنگی ئارامگـران ئەمـەی ئەنجامـدا و خـودا کردیـە شـیفای، لێـرە بـەدواوە ڕەوشـەکە گـۆڕا، تەندروسـتی ئەیـوب(د.خ) بـەرەو باشـی دەرۆیشـت زەوییـەکان بوژانـەوە، بەروبـوم جارێکـی دیکـە دەرکـەوت، سـامان و دارایـی گەشـەی کـردەوە. هاوسـەرەکەی کـە بەهـۆی نیگەرانـی ئەیوبـەوە لێـی دوورکەوتبـۆوە گەڕایـەوە بەشـێوەیەك کـە ئەیوبـی بینـی نەیناسـیەوە، تەندروسـتییەکی بـاش! پێسـتێکی خاوێـن، ڕوخسـارێکی نـوێ و گـەش، بۆیـە هەواڵـی ئەیوبـی لێپرسـی، ئەویـش لەوەڵامـدا گوتـی:مـن ئەیوبـم.

## پەند لەم چیرۆك و بەسەرهاتە

لەوردبوونەوە و ڕامان لەم چیرۆکە قورئانییە ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە ئارامگری لەسەر بەڵا و ئاستەنگ، هۆکار و ڕێڕەوە بۆ دەستخستنی ڕەزامەندی و لێخۆشبوونی خودا. کەواتە پێویستە مرۆڤی باوەڕدار خۆڕاگر و پشوو درێژ بێت لەبەردەم تاقیکردنەوەی خوداییدا.

## گفتوگۆ

١- ژیانی ئەییوب(د.خ) پێش توشبوون بەنەخۆشی و تەنگژە چۆن بوو؟

٢- ئەو بەسەرهات و گرفتانە چی بوون هاتنە ڕێی پێغەمبەری خودا ئەییوب(د.خ) ؟

٣- دوای ئەوەی ئەییوب(د.خ) ئەنجامی ئارامگرتنی بینی. ژیانی چۆن گۆڕدرا؟



# وانەی یازدەیەم

# ڕۆژو گرتن و حوکمەکانی



خودای گەورە دەفەرموێت:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ
لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ (١٨٣) أَيَّامٗا مَّعۡدُودَٰتٖۚ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٖ فَعِدَّةٞ
مِّنۡ أَيَّامٍ أُخَرَۚ وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدۡيَةٞ طَعَامُ مِسۡكِينٖۖ فَمَن تَطَوَّعَ خَيۡرٗا فَهُوَ خَيۡرٞ لَّهُۥۚ
وَأَن تَصُومُواْ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ (١٨٤) شَهۡرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ
هُدٗى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَٰتٖ مِّنَ ٱلۡهُدَىٰ وَٱلۡفُرۡقَانِۚ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهۡرَ فَلۡيَصُمۡهُۖ وَمَن كَانَ
مَرِيضًا أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٖ فَعِدَّةٞ مِّنۡ أَيَّامٍ أُخَرَۗ يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلۡيُسۡرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلۡعُسۡرَ
وَلِتُكۡمِلُواْ ٱلۡعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُواْ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَىٰكُمۡ وَلَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ (١٨٥) ﴾ (البقرة
١٨٣-١٨٥)

## پێناسەی ڕۆژو

بریتییە لە: خۆگرتنەوە لەخواردن و خواردنەوە و جووتبوون، لە بانگی بەیانیەوە تا خۆرئاوا.

## گرنگی ڕۆژو

سەبارەت بە گرنگی مانگی ڕەمەزان، ئەبو هورەیرە لەپێغەمبەرەوە (د.خ)دیگێڕێتەوە: **(مَن صامَ رمضان ايماناً واحتساباً غُفر له ماتقدم من ذنبه، ومن قام ليلة القدر ايماناً واحتساباً غُفر له ماتقدم مِن ذنبهِ )** (بوخاری ریوایەتی کردووە).

## جۆرەکانی ڕۆژو

١- ڕۆژوی فەرز، واتە ڕۆژوی مانگی ڕەمەزان.

٢- ڕۆژوی خۆبەخشانە کە بەناوبانگترینیان:

ئـ - ڕۆژوی ١٠ی مانگی موحەڕەم (عاشورا)(*)

ب - ڕۆژوی ٩ی مانگی زیلحە حجە(عرفة) ڕۆژی حەج.

پ ـ ڕۆژوی دووشەممان و پێنجشەممان لەهەفتەدا.

ت ـ ڕۆژوی ١٣، ١٤، ١٥ی هەرمانگێکی (قەمەری).

ج ــ ڕۆژوی (شەشەڵان) شەش ڕۆژ لەمانگی شەوال.

ح ــ ڕۆژو گرتنی زۆر لە مانگی شەعبان.

خ ــ ڕۆژو گرتنی زۆر لە مانگی ڕەجەب.

## گفتوگۆ

١- پێناسەی ڕۆژو بکە؟ ٢ - ڕۆژوی خۆبەخشانە کامانەن؟

(*) هۆکارەکەی ڕزگاربونی موسا پیغەمبەر(د.خ) لە پەلاماری فیرعەون کە لەو ڕۆژەدا لە دەریای سوردا خنکا.

# وانەی دوازدەیەم



## مەرجەکانی پێویستبونی ڕۆژو:

ئـ - ئیسلامبوون.

ب - ژیری و ئاوەز. بۆیە شێت ڕۆژوی لەسەر نییە.

پ - پێگەیشتویی(بلوغ). چونکە مەبەست گوێڕایەڵ بوونە و منداڵیش ئەرکی ئەم کارەی لەسەر نییە.

## مەرجەکانی بەڕۆژوبوون

١- تەندروستی و لەش ساغی، خودا دەفەرموێت: ( ... وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ... )(البقرة ١٨٥)

٢- نیشتەجێی. واتە ڕێبوار نەبێت.

٣- بۆ ئافرەتان (لەسوڕی مانگانە و بێنوێژی دوای منداڵبوون)یشدا نابێت.

## سوننەتەکانی ڕۆژو

١- پارشێوکردن. پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: (**تَسَحَّرُوا فَإنَّ فی السُّحورِ برکةً**).

٢- دواخستنی پارشێو بۆ نزیکی بانگی بەیانی و پەلەکردن لەبەربانگ کردنەوەدا، هەر کەبانگی دا.

٣- بەربانگ کردنەوە بەچەند دەنکە خورمایەك، یان ئاو.

٤- دوعاکردنی کاتی بەربانگ، پێغەمبەر (د.خ) لەکاتی ڕۆژوشکاندندا، دەیفەرمو: (**ذهبَ الظَمَأُ وآبتلَّتِ العروقُ، وثبتَ الأجرُ إنْ شاءَ الله تعالی**).

ئەو ڕەفتار و هەڵوێستانەی ڕۆژو دەشکێنن یان لەکەداری دەکەن

**بەم ئاکارو هەڵوێستانەی خوارەوە ڕۆژو یان بەتاڵ دەبێتەوە یان لەکەدار دەبێت:**

١ - لەئاین پاشگەزبوونەوە.

٢ - ڕودانی بێنوێژی بۆ ئافرەت.

٣ - خواردن و خواردنەوە و خۆڕشاندنەوە.

٤ - چونە ناوەوەی هەرتەنێك لەڕێی بۆشاییە ئاساییەکانەوە بۆناو لەشی مرۆڤ.

٥ - جووت بوون لەگەڵ خێزان بەڕۆژ.

هەموو ئەمانە ڕۆژو بەتاڵ دەکەنەوە، ئەگەر بەئاگاییەوە ئەنجامدران، لەوانەش کەڕۆژو لەکەداردەکەن زیادە ڕەوی لەبەرکارهێنانی بۆن و ئاو لەدەم وەردانی زیاد لەپێویست.

## گفتوگۆ

١- مەرجەکانی پێویستبونی ڕۆژو چیە؟

٢- ئەو کارانەی دەبنە هۆی تێکدان و بەتاڵکردنەوەی ڕۆژو کامانەن بیانژمێرە؟

# وانەی سێزدەیەم

# حەرامبوونی دیاردەی بەرتیلکاری



پێغەمبەرمـان (د.خ) دەفەرموێـت: (**لعـنَ الله الراشـيَ والمرتَشـي والرائـش**). واتـە: بەرتیلـدەر و بەرتیلخـۆر و ڕێکخـەری نێوانیـان بـەر نەفرینـی خـودا کەوتـوون.

| وشە | مانا |
|---|---|
| ١- لعن | لەسۆز و ڕەحمی خۆی دوریخستۆتەوە (نەفرینی کردوە) |
| ٢- الراشي | بەرتیلدەر |
| ٣- المرتشي | بەرتیلخۆر |
| ٤- الرائش | ڕێکخەری نێوانیان |

## پێناسەی بەرتیل:

بـەو بـڕە مـاڵ و سـامانە دەوترێـت کەسـێك دەیداتـە دەسـەڵاتدارێك لـە ڕێگەیەکـی نادروسـتەوە، بەمەبەسـتی وەرگرتنـی یـان زەوتکردنـی مافـی یـان پلـە و پایـەی یاخـود کاری کەسـێکی دیکـە بـۆ خـۆی.

ئـەم دیاردەیـە حەرامـە چونکـە دادگـەری لەنـاو دەبـات، مافـی خـاوەن مـاف دەفەوتێـت، دەبێتـە هـۆی بڵاوبونـەوەی گەندەڵـی و شـێرپەنجەی بێدادی، هـەر بۆیە لەگشـت ئاینەکاندا حـەرام و قەدەغەکـراوە. لـە قورئانـی پیرۆزیشـدا بەچەندیـن ئایـەت حەرامبوونـی ڕاگەیەنـدراوە وەك لەسـورەتی (البقـرة)دا هاتـووە: ( وَلَا تَأْكُلُوٓاْ أَمْوَٰلَكُم بَيْنَكُم بِٱلْبَٰطِلِ وَتُدْلُواْ بِهَآ إِلَى ٱلْحُكَّامِ لِتَأْكُلُواْ فَرِيقًا مِّنْ أَمْوَٰلِ ٱلنَّاسِ بِٱلْإِثْمِ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ). (البقـرة ١٨٨). هەروەهـا لـە فەرمـودەی پێغەمبـەری سەروەریشـدا (د.خ) ئامـاژە بەحـەرام بوونـی کـراوە، وەك لەسـەرەوەدا هاتـووە.

## هۆکارەکانی حەرام بوونی بەرتیل

١- چونکـە بەهۆیـەوە بەشـێوەیەکی نـاڕەوا و ناشایسـتە دەسـتکەوتێك بەدەسـت دێـت وەك: بەخشـین لەبـاج، دەرچوونـی کەمکردنـەوە (مناقصة)، یـان دەستخسـتنی گرێبەسـتی کارێـك بەنایاسـایی.

٢- دەبێتـە هـۆی زەوتکردنـی مافی کەسێکی دیکە: لەبـواری هەلی کاردا، یـان جێگرتنەوەی خـاوەن مافێك.

٣- دەستخستنی پلە و پایەی گرنگ، کە کەسەکە شایستەی نەبێت.

### چارەسەری ئەم دیاردەیە:

١ – دابینکردنی بنەماکانی دادگەری لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا.

٢ – دانانی کەسی شیاو بۆ پلە و پۆستەکان.

٣ – سەروەربونی یاسا و لێپێچینەوە لەو کارمەند و بەرپرسانەی بەرتیلخۆرن.

٤ – بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئاینی وبەرپرسێتی لەبەردەم خودای باڵادەستدا.

٥ – بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکان، کە ئەو دیاردەیە دژی دادگەری کۆمەڵایەتی و چینایەتییە.

## گفتوگۆ

١- پێناسەی بەرتیلکاری بکە.

٢- بۆچی پێغەمبەرمان (د.خ) هۆشداری داوە سەبارەت بە بەرتیلکاری؟

٣- هۆکارەکانی حەرامبوونی بەرتیلکاری کامانەن؟

٤- بە ئایەتێکی قورئان ئاماژە بکە بۆ حەرام بوونی بەرتیل.

٥- بەرتیل چەند جۆر و بوارێکی هەیە، وەك ...............................!

٦- چۆن دەتوانین ئەم دیاردەیە قەڵاچۆ بکەین؟

# وانەی چواردەیەم
# ئاشتەوایی نێوان خەڵك



## مرۆڤ وئاشتی:

سروشتی مرۆڤ لەسەر ڕاگرتنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دارێژراوە، لەسەر بنەمای توند و تۆڵی و دوور لەناکۆکی و یەکتر سڕینەوە، کە دەبنە هۆی جیاوازی و سەرهەڵدانی کێشە و دوژمنایەتی، لەگەڵ ئەوەشدا دابڕان و ناکۆکی و کێشە بەئاشتەوایی و ڕاگرتنی شەڕ و لەچاڵنانی هۆکارەکانی لەئاینی ئیسلامدا ڕێوشوێنی بۆ دانراوە، چارەسەری لەسەر بناغەی برایەتی باوەڕەوە دەستنیشانکراوە بەئایەتی:(إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ إِخۡوَةٞ فَأَصۡلِحُواْ بَيۡنَ أَخَوَيۡكُمۡۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ)( الحجرات ١٠)، بەگەڕانەوە بۆ فەرمانی خودا و فەرمودەی پێغەمبەر (د.خ) کەتێیدا زیادەڕەوی وستەم قەدەغەیە.

خودا دەفەرموێت:( لَّا خَيۡرَ فِي كَثِيرٖ مِّن نَّجۡوَىٰهُمۡ إِلَّا مَنۡ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوۡ مَعۡرُوفٍ أَوۡ إِصۡلَٰحِۭ بَيۡنَ ٱلنَّاسِۚ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ ٱبۡتِغَآءَ مَرۡضَاتِ ٱللَّهِ فَسَوۡفَ نُؤۡتِيهِ أَجۡرًا عَظِيمٗا ) (النساء ١١٤).

## هۆکاری کێشە و ناکۆکیەکان

هەندێك لەو هۆکارانەی ڕێخۆشدەکەن بۆ سەرهەڵدانی کێشە و ناتەبایی، کە ئاینی ئیسلام ڕێگرییان لێدەکات، ئەمانەن:

١ - **جیاوازی:** زۆرجار جیاوازی لە بۆچوون وراڤەکردنی دەق وتێگەیشتن لێی، بۆتە هۆی ئەوەی موسڵمانان نارێك بن و ڕیزەکانیان دزەی لێوەبکرێت لەلایەن ناحەزانەوە بۆتێکدانیان.

٢ - **کینە و قین:** دەردێکی کوشندەیە و دەبێتە هۆی لێکترازانی ڕێز و دروستبوونی دژایەتی بەرانبەر یەکتر.

٣ - **پێشبڕکێی نادروست (شان لێکخزانی ناپەسند):** دەبێتە هۆی پەنابردن بۆ هۆکاری نادروست و یەکتر سڕینەوە و قبوڵنەکردنی بەرانبەر، ئەمەش کێشە دەنێتەوە.

٤ - **پاوانکردنی مافی کەسانی تر و دەستدرێژی بۆ سەر سامان و بەرژەوەندییان،** کەخاوەن بەرژەوەندی دێنێتە گۆ و بەرگری لە خۆی دەکات و کێشە دروستدەبێت.

٥ - **خۆسەپاندن:** واتە بەکەم گرتنی ڕای بەرانبەر و چەوساندنەوەی، کە ناچاری دەکات بەرگری لەڕای خۆی بکات و بونی خۆی بسەلمێنێت، لێردا ناحەزی پەیدا دەبێت.

٦ - **زیادەڕەوی لەڕەخنەی ڕوخێنەردا:** کەدەبێە هۆی برینداربونی هەستی کەسی بەرانبەر و وەرگرتنی هەڵوێستی دژ و دروستبونی کێشە.

٧ - **پەرەسەندنی کێشە:** زۆر جار کێشەیەکی بچوك و سنوردار بەهۆی دەستێوەردانی لایەنی سێیەمەوە پەرە دەسێنێت و ئاگری فیتنە و ئاشوب بەرپا دەبێت. بۆیە پێویستە دڵسۆزان و هۆشمەندان لێنەگەڕێن ئاشوب گەورەبێت و دواتر چارەی سەخت و گران ببێت.

دوای ئەوەی هەندێك لەو هۆکارە نائاساییانەمان زانی، پێویستە ڕۆڵی ژیری و دانایی بەهێزبکرێت لەکۆمەڵگەدا، تابەر لەفراوانبوونی کێشە بگیرێت و لەجێی خۆیدا لەچاڵ بنرێت و برایەتی پارێزراوبێت.

٨ - گرنگە هۆشیاری تاك بەرزبکرێتەوە، کەبەدوای تۆڵەسەندندا نەگەڕێت و هەمیشە چاوپۆش و لێبوردەبێت، بوێر بێت پۆزش بکات کەبۆی دەرکەوت هەڵەیە، لەگەڵ خۆی و دەروەی خۆیدا ئاشتەوایی بکات، کەسی وا لەلای خودای گەورە ڕێزدارە.

## جۆرەکانی ئاشتەوایی ئەمانەن:

ئـ -ئاشتەوایی لەگەڵ خۆیدا، بەوە دەبێت کۆتایی بێنێت بەشەڕخوازی و سەرزەنشتی دەرونی خۆی بکات، دور بگرێت لە کێشە و ناکۆکی لەگەڵ کەسانی تردا.

ب -ئاشتەوایی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا، کە زیاتر لەڕێی لایەنی سێیەمەوە دەبێت.

## ئەنجامی ئاشتەوایی

دوای ئەوەی کینە و ناحەزی دڵەکانی بەجێهێشت و گیانی تۆڵە وەلانرا و تورەیی هێوربۆوە، دەرونەکان پاکژ و ڕوخسارەکان ئارام دەبنەوە، دڵەکان بەروی یەکدیدا دەکرێنەوە، دۆستایەتی باڵدەکێشێتەوە بەسەر پەیوەندییەکاندا، ئەم ئایەتەی قورئانیش بەرجەستە دەبێت:

(وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ )(فصلت ٣٤).

### پرسیار

١- ئایەتێك بە بەڵگە بێنەرەوە کەتیایدا فەرمان بە ئاشتەوایی و چاکەکاری کرابێت.

٢- ئایەتێکی قورئانی پیرۆز بنوسە کەتیایدا موسڵمان بەوە وەسفکرابێت دووره لەتورەبوون.

٣- بەئایەتێکی قورئان بەڵگە بێنەرەوە کە دوای ئاشتەوایی نێوان ناکۆکەکان خۆشەویستی دروست دەبێت.

### وەڵامی ڕاست لەنێوان کەوانەکاندا هەڵبژێرە:

١- دەکرێت تورەیی خامۆش بکرێت، ئەگەر لە..............دوربین.

(خۆ بەکەم زانین ، کەللە ڕەقی)

٢- هەرچەند ................ کەم بێت، کێشە و پشت هەڵکردن کەم دەبێتەوە.

(جیاوازی ، پێکەوە گونجان)

٣- .................. ڕێگەیەکە بۆ نانەوەی کێشە و ڕووبەڕوبونەوە .

(پێشبڕکێی نارەوا ، پێشبڕکێی ڕەوا)

# وانەی پازدەیەم

# ژینگە



ژینگـە ئـەو ناوەندەیـە کـە مـرۆڤ تێیـدا دەژی بەگشـت پێکهاتەکانییـەوە وەك ئـاو و هـەوا و زینـدەوەران، کـە لـە نێویـدا چالاکییـە جۆراوجۆرەکانـی خـۆی ئەنجـام دەدات لـە چوارچێـوەی سیسـتەمێکی ورد وهاوسـەنگ، بـەڵام هەندێـك کێشـە هـەن کار لـە بەرێوەچوونـی ئـەم سیسـتەمە دەکـەن، وکاریگەرتریـن کێشـەش پیسـبوونی ژینگەیـە.

## پیسبوونی ژینگە

پیسـبوون بـە شـێوەیەکی گشـتی بریتییـە لـە گۆڕانـی نەرێنـی لـە شـێواز وسروشـتی توخمێکـی دیاریکراو، لـە ئەنجامـی کارلێکردنـی فاکتـەری دەرەکـی، کـە لەوانەیـە سروشـتی بێـت یـان کیمیایـی، کـە لەوانەیـە نەنگییـەك لـە هاوسـەنگی ئـەم سیسـتەمە دروسـت بـکات، ئەمـەش کار لـە هەمـوو ئـەو توخـم و بوونەوەرانـە دەکات کـە لـە ژینگـەدا هـەن.

## جۆرەکانی پیسبوونی ژینگە و هۆیەکانیان

پیسـبوونی ژینگـە ئـاو و هـەوا و خـاك دەگرێتـەوە و هۆیەکانـی جۆراوجـۆرن، کـە گرنگترینیـان:

١ – پیسـبوونی کیمیایـی: لـەو ماددانـە دەبێـت کـە لـە کارگەکانـەوە دزەدەکەنـە نـاو ئـاو و هـەوا.

٢ – پیسـبوونی تیشـکی: کـە لـە دزەکردنـی ماددەی تیشـکدار بـۆ ئـاو و هـەوا و خاکـەوە لـە ڕێـی مـاددە تیشـکدارەکانەوە، کـە دەبنـە هـۆی توشـبوون بـە نەخۆشـی کوشـندە، جگـە لـە مانـەش جـۆری تـر هـەن وەك پیسـبوونی ڕوناکـی و گەرمـا و پیسـبوون بـە بێزاربـوون و ژاوەژاوەوە...هتـد.

## زیانەکانی پیسبوون لە سەر ژینگە و مرۆڤ

گومانـی تێـدا نییـە کـە پیسـبوون کاریگـەری نەرێنـی هەیـە لـە سـەر تەندروسـتی مـرۆڤ، چونکـە کار لـە کۆئەندامەکانـی لەشـی دەکات، وەك کۆئەندامـی هەناسـە کـە بـە هـەوای پیسـبوو توشـی تەنگەنەفەسـی دەبێـت و ئەگـەر ئـاوی پیسـبوو بخواتـەوە تووشـی نەخۆشـییەکانی گـەدە یـان خوێـن دەبێـت، لـەوەش تێدەپەڕێـت کـە تەنهـا تووشـی نەخۆشـی جەسـتەیی بێـت، بـۆ ئـەوەی توشـی نەخۆشـی دەروونیـش بێـت وەك خەمۆکـی، کاریگـەری پیسـبوون لـە سـەر ژینگـە دیـاردەی ترسـناکی وەك کـون بوونـی ئۆزۆن و بارانـی فسـفۆری و بەرزبوونـەوەی پلەکانـی گەرمـا و شـتی تـری لـێ دەکەوێتـەوە، بۆیـە دەبێـت ژینگـە بپارێزیـن تـا ئەویـش بتوانێـت ئێمـە بپارێزێـت.

## ئیسلام و ژینگە

ژینگـە لـەو پرسـە گرنگانەیـە کـە پێویسـتە خەڵـك ئـاوڕی لـێ بدەنـەوە، چونکـە پەیوەنـدی هەیـە بـە داهاتوویانـەوە لـە سـەر ژیانـەدا لەسـەر ئـەم زەوییـە هەیـە، ئیسـلامیش ئـەوەی سـەلماندووە کـە لـە توانایدایـە مێشـکی مـرۆڤ بـە شـێوەیەکی ئەرێنـی بنیـات بنێتـەوە، بۆیـە گرنگـی داوە بـەم جـۆرە پرسـە، لـە سەروشـیان پرسـی ژینگـە و شـێوازی مامەڵەکردنـی مـرۆڤ لـە گەڵیـدا، چونکـە ژینگـە ئـەو لانکەیـە کـە مـرۆڤ لـە بـاوەش دەکات، هەروەهـا ڕووەك وئاژەڵیـش.

## پاراستنی ژینگە لە ئیسلامدا

١ - ئیسلام داوا لە موسڵمانان دەکات بایەخ بە پاك وخاوێنی تاك بدەن، چونکە بایەخ نەدان بەم لایەنە بەشێوەیەکی نەرێنی ڕەنگ دەداتەوە لە سەر ژینگەی دەوروبەر، ئەوەی نەتوانێ پاك و خاوێنی خۆی بپارێزێت ناتوانێت پاك و خاوێنی ژینگەکەی بپارێزێت.

٢ - ئاینی ئیسلام فەرمانی بە شوێنکەوتوانی خۆی کردووە و ئاڕاستەی کردوون بۆ گرنگی دان بە پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو، هەروەها دەستگرتن بە بەکارهێنان وپاراستنی پاك وخاوێنی بە پیسنەکردنی، چونکە بە سامانێکی گشتی دەژمێردرێت و نابێت تاك وا مامەڵەی لە گەڵدا بکات کە موڵکی کەسی و تایبەتە.

٣ - ئیسلام هاندەرە بۆ کشتوکاڵ، چونکە کشتوکاڵ سوودی زۆری بۆ مرۆڤ و گشت بوونەوەران هەیە و ڕووەك لە گرنگترین توخمەکانی ژینگەیە لە سەر زەوی.

٤ - ئیسلام فەرمانی بە پاراستنی هەموو بوونەوەران کردووە، بۆ سوود وەرگرتن لێیان بە شێوەیەکی تەندروست و شەرعی کە سوود بەخش بێت وزیانی نەبێت.

٥ - ئیسلام پاراستن و پاکڕاگرتنی ڕێگەوبانەکانی بە جۆرێك لە نزیکبوونەوە لە خودا



و سـەدەقە هەژمـار کـردووە، چونکـە سـوودی زۆری هەیـە بـۆ گشـت خەڵـك.

٦ – ئیسـلام بانگـەوازی بـۆ بەخشـین کـردووە لـە پێنـاو پێشکەشـکردنی خزمەتگـوزاری گشـتیی، لەوەشـەوە بیرۆکـەی وەقف سـەری هەڵدا، کە دەکرێـت سـوودی لـێ وەربگیرێت بـۆ خزمەتکردنـی پرسـەکانی ژینگـە، بـە تایبەتـی لـەم ڕۆژگارەدا کـە ژینگـە تووشـی ترسـناکترین جۆرەکانـی پیسـبوون بـووە، کـە زۆرتریـن زیـان بـە بوونـەوەران دەگەێـنن.

## پرسیارەکان

١ – پێناسەی ژینگە چییە؟

٢ – مەبەست لە پیسبوونی ژینگە چییە؟

٣ – بۆچی ئیسلام هانماندەدات بۆ کشتوکاڵ کردن ؟

٤ – ئـەم دەسـتەواژەیە ڕون بکـەوە (ئیسـلام فەرمانـی بـە پاراسـتنی هەمـوو بوونـەوەران کـردووە بـۆ سـوود وەرگرتـن لێیـان بـە شـێوەیەکی تەندروسـت و شـەرعی کـە سـوود بەخـش بێـت وزیانـی نەبێـت).

## چالاکی

مامۆسـتا قوتابیـان دابەشـی چەنـد گرووپێـك دەکات و ڕۆژێـك تەرخـان دەکـەن بـۆ پاککردنـەوەی باخچـەی قوتابخانـە.

# وەرزی دووەم

# وانەی شازدەیەم
# زەکات و هەندێك لەحوكمەكانی



خـودای گـەورە دەفەرمویـت: (وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱرْكَعُوا۟ مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ). (البقرة ٤٣)

هەروەهـا دەفەرمویـت: (وَأَنفِقُوا۟ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا تُلْقُوا۟ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى ٱلتَّهْلُكَةِ وَأَحْسِنُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ).(البقـرة ١٩٥)

## پێناسەی زەکات:

ئـەو بـڕە ماڵەیـە لەدەوڵەمەنـدان وەردەگیرێـت و دەدرێتە هـەژاران و ئەو پۆلانـەی لەقورئاندا دیاریکراون، بەپێی ڕێوشـوێنێکی تایبەت.

## مەرجەكانی پێویستبونی زەكات:

زەكات پێویست دەبێت لەسەر هەركەسێك ئەم مەرجانەی تێدابن:

١- موسڵمانێتی: واتا كەسی زەكات دەر مەرجە موسڵمان بێت.

٢- سەربەستی: مرۆڤە موسڵمانەكە دەبێت سەربەست بێت، واتە كۆیلە نەبێت. بەواتای ئەوەی خاوەندارێتی پێبكرێت.

٣- ماڵ و سامانی لەئاستی (نصاب)دا بێت: واتا ئەو بڕەی لەشەرعدا زەكاتی لەسەر پێویست دەبێت و ئەگەر لەو سنورە كەمتربوو زەكات دان نایگرێتەوە، ئەمەش بەپێی جۆری ماڵەكەیە، دراو، كشتوكاڵ، میوە، ئاژەڵ و .....هتد، هەریەكە و بەئەندازە و بڕی جیاواز زەكاتی لەسەر پێویست دەبێت.

٤- تێپەڕبوونی ساڵێكی كۆچی بەسەر ئەو ئەندازەیەی زەكاتی لەسەر پێویست دەبێت، جگە لەكشتوكاڵ و بەروبومی میوە، كە لەگەڵ دروێنە یان كۆكردنەوەی بەرهەمدا زەكاتی لێدەردەكرێت، بڕی پێویست بۆ زەكات دانەكەش واتا(نصاب) دەبێت لەپێداویستیە سەرەكیەكانی خاوەنەكەی زیادبێت وەك پۆشاك و خۆراك و جێی حەوانەوە.

٥-خاوەندارێتی تەواوی ماڵەكەی هەبێت.

## ئەو جۆرانەی لەماڵ و سامان زەكاتیان لێدەردەكرێت

١- زێڕ و زیو و دراو.

٢- ماڵی بازرگانی.

٣- ئاژەڵی ماڵی(حوشتر) گا و مانگا، و مەڕ و بزن.

٤- كشتوكاڵ و بەروبوم.

٥- كانزا و خشڵ.

٦- هەنگوین.

٧- پشك و چەكی بانكی و وەرگرتەی كرێ.

# وانەی حەڤدەیەم

## ئەو کەسانەی زەکاتیان پێدەشێت



خـودای گـەورە دەفەرموێـت: ( إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱلۡعَٰمِلِينَ عَلَيۡهَا وَٱلۡمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمۡ وَفِي ٱلرِّقَابِ وَٱلۡغَٰرِمِينَ وَفِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِۖ فَرِيضَةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ )(التوبـة ٦٠).

**واتا: ئەوانەی زەکاتیان پێ دەشێت ئەمانەن:**

١- **هەژارەکان:** ئەوانەن ماڵ و سامانیان نییە و دەرامەتیشیان نییە.

٢- **ماڵنشین(مسکین):** ئەوانـەن ئەنـدازەی پێویسـتیان نییـە و ئـەوەی دێتە دەسـتیان بەشـی بژێوی نـاکات.

٣- **کارمەندانـی کۆکردنـەوەی زەکات:** ئەوانـەن کـە لەڕێـی میریـەوە، یـان دەسـتەی ڕاسـپێردراوەوە کاری کۆکردنـەوە و سـەرژمێری و پاراسـتنی ماڵـی زەکات و دابەشـکردنیان خراوەتـە ئەسـتۆ.

**٤- دڵنەواکراوان، کە دوو بەشن:**

ئـ - ئەو بێباوەڕانەی ئومێد دەکرێت بەدڵنەواییکردن بێنە ناو بازنەی ئیسلامەوە، یان بۆ خۆ پارێزی لەشەڕیان گەر توانای زیانگەیاندنیان هەبوو.

ب - ئەو توێژە لەموسڵمانان کەئاینیان لاوازە، زەکاتیان بدرێتێ بەئومێدی دابینکرنی بژێوی گونجاو بۆیان و ئامادەبوونیان بۆ تێگەیشتن و فێربوونی ئیسلام.

**٥- ئەوانەی گیرۆدەن:** لەکۆیلە و کەنیزە کە سەربەست نین، زەکاتیان پێبدرێت بەئەندازەی دەربازبون لەکۆیلایەتی و وەرگرتنی ئازادی بۆ بڕیاردان. ئەم چینە لەم سەردەمە نەماون.

**٦- کەسی قەرزار:** بەڵام هەموو قەرزارێك ناگرێتەوە، مەرجدارە.

**٧- لەپێناوی خودادا:** مەبەست هەر کارێکی خێرخۆازییە.

**٨- ئەوانەی لەنێو ڕێگادان:** ئەو ڕێبوارانەی پارەیان لێ دەبرێت و دوورن لەجێی خۆیان، دەوڵەت زەکاتیان دەداتێ بەو ئەندازەیەی پێویستییان دابینکرێت تا دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.

## پرس

١- مەرجەکانی زەکاتدان کامانەن؟

٢- ئەو چینانە کێن زەکاتیان پێدەشێت؟

٣- دڵنەواکراوان کێن؟

# وانەی هەژدەیەم
## ماڵبەخشین و سوودەکانی



ئاینی ئیسلام هاندەرە بۆ هەموو جۆرە ئاکارێکی پەسەند و سوودمەند، ئەویش خێرکردن و ماڵبەخشینە کەئاکار و سیفەتی پێغەمبەران و پیاوچاکان بوە، بۆیە پێویستە باوەڕدارانیش خاوەنی هەمان ئەو سیفەتانەبن تەنانەت بە وشەیەکی باش و شیرینیش بێت.

بوارەکانی خێرومەندی و چاکەکردنیش زۆرن، هەر لەبەخشینی ماڵ و سامان تا بەشداری لەپرۆژەی خێرخوازیدا، یان هاوکاریکردن لەدروستکردنی خانوو بۆ هەژاران و هەڵکەندنی بیری ئاو تا دەگاتە لابردنی ئازار و درِك وداڵ لەسەر رێگەدا. هەروەها ئامۆژگاری و ئاراستەی دروست لەرِیزی خێرکردن و بەخشین هەژمار دەکرێت. پێغەمبەری خودا (د.خ) دەفەرموێت: (**الكلمةُ الطَيّبِةُ صَدَقَةٌ**).

## سوودەکانی خێرکردن

١- گوناه و تاوان لەسەر خاوەنەکەی دەسڕێتەوە لای خودا.
٢- بەڵا و نەهامەتی لەکەسی بەخشەر و خێرکار دور دەکەوێتەوە.
٣- ماڵ و تەندروستی خێرخوازەکە فەڕی دەبێت و گەشەدەکات. پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت:(**ما نقص مالٌ مِنْ صدَقَةٍ**).
٤- چارەسەرە بۆئازار و نەخۆشییەکان.
٥- بەڵگەیە لەسەر گوێڕایەڵی موسڵمان و بەندەکان بۆ خودای بەدیهێنەریان.
٦- دەبێتە مایەی ئاسودەیی ویژدان و ڕاهێنان لەسەر بەخشندەیی و هەستکردن بەئازاری مرۆڤەکانی دیکە.

## خێری بەردەوام و نەبڕاوە

بەو خێر و چاکەیە دەوترێت کەپاداشت و خێری بۆ خاوەنەکەی دوای مردنیشی هەر بەردەوام بێت. نموونەش لەسەر جۆری ئەو کارە خێرانە، ئەمانەن:
١- دروستکردنی مزگەوت و خوێندنگە و نەخۆشخانە و هەر دامەزراوەیەکی خزمەتگوزاری تر کە لەخزمەتی کۆمەڵگەدا بێت، هەر بەبەشداریکردن لەو پڕۆژانەدا ئەو پاداشتە بەدەست دێت.
٢- هەڵکەندنی بیری ئاو و ڕێکخستنی تۆڕی ئاو بەمەبەستی خواردنەوە یان ئاودێری ڕووەك.
٣- کارکردن لەبواری بڵاوکردنەوە و گەیاندنی زانستی جۆراوجۆر وەك زانستە شەرعیەکان، هەروەها دروستکردنی پەڕتوکخانەی گشتی بۆ فێرخوازان.
٤- چاککردنی ڕێگەوبان، دروستکردنی پرد و پردەباز بەتایبەت لەو شوێنانەدا کە دورەدەستن و دانیشتوانی کەم دەرامەتن.

## گفتوگۆ

١- موسڵمانی پابەند بەکێ دەڵێن؟

٢- سوودەکانی ماڵبەخشین و خێرکردن چین؟

٣- مەبەست لەخێری نەبڕاوە چییە؟

### ئەم بۆشاییانە پڕبکەرەوە:

١- هاوکاری خەڵك بەماڵ و.............. و ............. دەبێت.

٢- بەخشین و خێرکردن لەسیفەت و ئاکاری.............. .

٣- الكلمة الطيّبةُ.............. .

٤- خودای گەورە فەڕ و بەرەکەت دەخاتە .............. و ............. خێرخوازی بەخشندەوە.



## وانەی نۆزدەیەم

## لەمافەکانی موسڵمان لەسەر موسڵمان

**(دورکەوتنەوە لەقسەی ناشیرین و ناوزڕاندن و ناو و ناتۆرە و درکاندنی نهێنی یەکتر)**



جنێـودان و ناوهێنانـی یەکتـر بەتانـە و تەشـەر و دەرخسـتنی کـەم و کـوڕی دوورن لەڕەفتـاری مرۆڤـی موسـڵمان و بەپێشـێلکردنی مافـی یەکتـر دەژمێردرێـن.

پێغەمبـەری ئیسـلام (د.خ) دەفەرموێـت: (**لیـسَ المؤمـنُ بالطعّـانِ ولا اللعّـانِ ولا الفاحـشِ البذيء**).واتـا: بـاوەڕدار تانـە لێـدەر و جوێـن فـرۆش و زمـان پیـس نییـە.

هەروەهـا دەفەرموێـت: (**مَـنْ سـترَ عـورةَ أخيـهِ المسـلم فـی الدنيـا سـترَ الله عورتَـهُ يـومَ القيامة**).واتـا: ئـەوەی عەیبـی بـرای موسـڵمانی لـە دنیـا داپۆشـێت خـودا ڕۆژی پەسـڵان عەیبـی دادەپۆشـێت.

بۆیـه پێویسـته دووربیـن لەڕەفتـار و ئـاکاری ناپەسـەند و ئـەوەی بـۆ خۆمـان پێمـان ناخۆشـه بـۆ کەسـی بەرانبـەر بـەکاری نەهێنیـن، چونکـه دەبێتـه هـۆی:

١- تێکچونی پەیوەندییەکان.

٢- دوژمنایەتی نێوان تاکەکان و کۆمەڵگه.

٣- لەکەدارکردن و ڕوشاندنی کەسایەتی.

بەڵکو لەجیاتـی ئـەو ئاکارانه خۆشەویسـتی و ئەمـەك و هۆگری لەنێـوان تاکەکانـدا بڕوێـت و چـرۆ بـکات، تـا پەیوەندیـەکان پتـەو و ژیـان ئاسـودە بێـت.

## پاراستنی نهێنی و نەدرکاندنی

یەکێکـی تـر لـەو مافانـەی پێویسـته لەنێوانمانـدا پارێـزراو بێـت پاراسـتنی نهێنـی و ناتـەواوی یەکتـرە، نهێنـی سپاردەیه و سـپاردەش لێپرسـینەوەی هەیـە، پێغەمبەرمـان (د.خ) دەفەرموێـت: (**اذا حـدث الرجـلُ بحديـثٍ ثُـمَّ التفـتَ فَهـو أمانَـةٌ**). واتـا: گـەر کەسـێك لەکاتی گێڕانـەوەی قسـەیەکدا چـاوی دەگێـڕا کەواتـه نهێنـی تیابـوە و پێویسـتی بـه نەدرکاندنـه، ئەمـەش بەشـێکه لـه ڕەوشـتی بـەرز و پاراسـتنی سـپاردە.

### نهێنیەکان سێ جۆرن:

١- ئەوانەی شەرعی ئیسلام فەرمانی کردوە بە نەدرکاندنیان.

٢- جۆرێکیش ئەوەیە خاوەن نهێنییەکە داوای نەدرکاندنی دەکات.

٣- ئەو جۆرەی پێویستە نەدرکێنرێت بەڵام لەڕێی پیشە و کارەوە ئاشکرابووبێت.

## گفتوگۆ

١- ئاشکراکردنی نهێنی وناتەواوی خەڵك دەبێتە هۆی:

ئ- ............................ ب- ............................ پ- ............................

٢- جۆرەکانی نهێنی ئەمانەن:

ئ- ............................ ب- ............................ پ- ............................

٣- نهێنی ............................ یەو درکاندنی لەشەرعدا ............................ .

٤- ........................ مافیان بەسەریەکەوە هەیە لەو مافانەش پاراستنی........................ یە.



# وانەی بیستەم

# پاوانکاری




**پاوانـکاری:** بریتییـە لـە شـاردنەوە یـان دەستبەسـەراگرتنی کاڵا سـەرەکییەکانی ژیـان، وەك خـۆراك لەلایـەن کەسـانێکەوە، بەمەبەسـتی بەرزبوونـەوەی نـرخ و فرۆشـتنی لەکاتـی گرانبونیـدا بەهاوڵاتیـان.

## جۆرەکانی پاوانکاری

١- **پاوانـکاری لەلایـەن کەمینەیەکـەوە:** واتا ژمارەیەکـی کـەم لەبەرهەمهێـن یـان فرۆشـیار دەسـت بەسـەر کاڵایەکـی دیاریکـراودا دەگـرن و کاتێـك دەیخەنـە بـازاڕ نرخـی بەرزبوبێتەوە بەهـۆی کەمبونـەوەی یاخـود نەمانـی لەبـازاڕدا.

٢- **پاوانکاری دولایەنـە:** واتـە بەرهەمهێـن یـان سـەرمایەدار لەگـەڵ کەسـێك ڕێکدەکـەون و بەهەردوکیـان سـەبارەت بـەو کاڵا تایبەتـە یـاری بەنرخـی دەکـەن و ناهێڵـن دەسـت بەدەسـتی

دیکە بـکات.

٣- **پاوانـکاری تـەواو:** بـە دەستبەسـەراگرتنی کاڵایـەك لەلایـەن کەسـێکەوەو دەگوترێـت، نەبونـی هاوشـێوەی تـری ئـەو کاڵایـە لەبـازاڕ و دەرەوەشـدا، بەمـەش هەرخـۆی بەتـەواوی دەتوانێـت یـاری بەنرخـی بـکات.

٤- **پاوانـکاری دەوڵـەت:** کاتێـك دەوڵـەت بەرهەمهێنانـی کاڵایەکـی دیاریکراو پاوانـدەکات و لەبـازاڕ دەیگرێتـەوە، نرخـی سـەردەکەوێت و هاوڵاتـی زیانمەنـد دەبێـت. ئەمـەش جۆرێکـە لەپاوانکاری.

## زیان و ئەنجامە خراپەکانی پاوانکاری

ئابـوری وڵات گـەر بەسسـتەمی سۆسیالیسـتی بەڕێوەدەچـو، واتـا دەوڵـەت سەرپەرشـتی دەکـرد ئـەوا ئامرازەکانـی بەرهەمهێـن لەدەسـتی دامـەزراوە دەوڵەتیەکانـدا دەبێـت و تـاك ڕۆڵـی نابێـت، واتـا پاوانـکاری دەوڵـەت ڕوودەدات، بەپێچەوانەشـەوە لەسیسـتەمی سـەرمایەداریدا تـاك ڕۆڵ دەگێڕێـت لەپاوانـکاری بـازاڕدا. لەهـەردوو حاڵەتـدا هاووڵاتـی باجەکـەی دەدات کـە کۆمەڵێـك مەترسـیان لێدەکەوێتـەوە، لەوانـەش:

١- پاوانـکاری دەبێتـە هـۆی کوشـتنی گیانـی کێبڕکێـی نێـوان تاکـەکان و دەوڵەتانیـش و بەرهـەم لـە ڕوی جـۆر و ئاسـتەوە چـەق دەبەسـتێت.

٢- زۆرجـار پاوانـکار ناچـار دەبێـت بڕێـك لەداهـات و کاڵاکان لەناوببـات، بەسـوتاندن یـان فڕێـدان بەمەبەسـتی ڕاگرتنـی بەهـا لەئاسـتێکدا و دانەبەزینـی نـرخ لەبـازاڕدا.

٣- لـەڕوی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان و ئاسـتی تاکیشـدا ناتەبایـی و کینـە دەنێتـەوە و کۆمەڵگـە زیانمەنـد دەبێـت.

٤- بەهـۆی پاوانکارییـەوە چەندیـن دەردی کۆمەڵایەتـی و ئابـوری کوشـندەی وەك بێکاری و هەڵاوسـان و دارمانـی ئابـوری و دیـاردەی بەرتیـل و دووڕوویـی و دزی و فێڵ....هتـد لەکۆمەڵگـەدا سـەرهەڵدەدەن.

## دژایەتی و بەگژاچونەوەی ئیسلام بۆ پاوانکاری

ئاینی ئیسلام بەتوندی دژی پاوانکاری و سودی ناڕەوا و شاردنەوەی قوتی بژێوی مرۆڤەکان دەوەستێت، بەڵکو دژ بەوانەی سوودی ناشەرعی دەبینن لەمامەڵە و بازرگانیدا جەنگی ڕاگەیاندوە، لەلایەن خودا لەقورئانی پیرۆزدا. هەروەها پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی: (**لا يَحتكِرُ الاّ خاطيء**). واتا: تەنها کەسی هەڵەکار پاوانکاری دەکات. دیسان دەفەرموێت (د.خ): (**مَن إحتكرَ على المسلمين طعامهم ضربه الله بالجذام والافلاس**). واتا: ئەوەی خۆراکی موسڵمانان پاوان بکات، خودا توشی گەڕی و مایەپوچی دەکات.

### پرس

١- پاوانکاری چییە؟ ڕونی بکەرەوە.

٢- بوارەکانی پاوانکاری کامانەن؟ باسیان بکە.

٣- مەترسیەکانی دیاردەی پاوانکاری بژمێرە؟

٤- حوکمی پاوانکاری لە ئیسلام چییە ؟

# وانەی بیست و یەك

# چەند وانە و پەندێك لە ژیانی پێغەمبەران

## لەدایكبونی موسا (د.خ)



موسا (د.خ) پێغەمبەرێكی خاوەن پەیامە و بۆ جووەكەكان نێردراوە، كریستیان و موسڵمانانیش باوەڕیان پێی هەیە. موسا لەوڵاتی میسر و لەسەردەمی فیرعەونەكاندا هاتۆتە دنیاوە وەك قورئان ئاماژەی پێ دەكات.

فیرعەونی (پادشای) میسر خەوێك دەبینێت تیایدا ئاگرێك لەبەنی ئیسرائیلەوە هەڵگیرساوە گڵپەكەی ئەو دەسوتێنێت و دەسەڵاتەكەی لەناودەبات، ڕاڤەكارانی خەونەكە پێی دەڵێن منداڵێك كە لەنەوەی ئیسرائیل لەدایك دەبێت دەسەڵاتەكەی لێدەستێنێت، بۆیە بڕیاردەدات هەر نێرێك لەو نەوەیە هاتە دنیاوە دەبێ بكوژرێت.

بەم شێوەیە و بەمەبەستی پاراستنی لەکوشتن، دایکی کوڕە کۆرپەکەی دەخاتە سندوقێکی تەختە و بەئاوی نیلی دەسپێرێت، بڕیاری خودا وادەبێت ڕوبارەکە ئەم سندوقە دەگەیەنێتە بەردەم کۆشکی فیرعەون و ئاسیای خێزانی فەرمان بەهێنانی دەکات، کەبۆی دێنن بڕیاردەدات ئەم کۆرپەیە بکاتە منداڵی تاقانەی خۆی و بەخێوی بکات.

ئەم لەدایك بوونە ٥٠٠ساڵ دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر یوسف (د.خ)بوو واتا نزیکەی (١٩٨٢) ساڵ پێش هاتنە دنیای عیسای کوڕی مەریەم (د.خ).

دایکی موسا بەخەمباری و دڵە ڕاوکێوە گوێی هەڵخستبوو بۆ هەواڵێکی کۆرپەکەی لەپڕ بەرگوێی مەریەمی خوشکی کەوت کەکۆشکی فیرعەون ئافرەتێکی شیردەریان دەوێت بۆ بەخێوکردنی کۆرپەیەك، ئەویش دایکی دێنێت و هەرکە کۆرپەکەی لەئامێزگرت بەفەرمانی خودا مەمکی ئەوی مژی و گریانی نەما، کە پێشتر چەندین ئافرەتی شیردەری تریان هێنابوو مەمکی کەسیانی نەدەگرت، ئەمەش لەمیهرەبانی خوداوە بوو کە بەم نەخشەیە موسای گێڕایەوە باوەشی گەرمی دایکی و ژیانی ئابوریشیان بوژایەوە. ئەم بەسەرهاتە بەقورئانی پیرۆز پشت ڕاست کراوەتەوە لەسورەتی (القصص) دا. بەئایەتەکانی (٧-١٢). بەم شێوەیە موسا گەورە بوو، بوە خاوەنی دانایی و توانا و ئاوەز، پاشان خودای گەورە پەیامی (تەورات)ی بۆنارد و کردیە پێغەمبەرێکی خاوەن هێز(د.خ).

## پەند و وانە لەم بەسەرهاتە

گومانی تێدانییە ئەم بەسەرهاتە پڕە لەوانەی گرنگ و سەیر. نەخشەی خودای گەورە بوو کە موسا لەکۆشکی پاشایەتیدا گەورە بێت و پاشان لەڕێی دایك و خوشك و خێزانەکەیەوە بزانێت کە ئەو لەنەوەی ئیسرائیلە و خودا بەو نەخشەیە لەتیاچون پاراستی. بۆیە پێگەکەی بەکارهێنا بۆ کەمکردنەوەی ئازاری گەلەکەی لەسەردەستی پیاوانی فیرعەوندا بەپێی توانا.

موسا لەماڵی دوژمنەکەیدا گەورە بوو و دایکی کە بێ هیوا بوو لەژیان و ئایندەی کۆرپەکەی، موچەشی بۆ برایەوە و خۆی بەخێوی بکات و پاشان موسا ببێتە پێغەمبەر و بانگی فیرعەون بکات بۆ باوەڕ و خوداناسی.

## ڕاهێنان

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

- موسا (د.خ) لە کوێ لە دایك بوو؟
- بۆچی فیرعەون بڕیاری کوشتنی نێرینەکانی بەنی ئیسرائیلی دا؟

## گفتوگۆ

پەند لە چیرۆکی لە دایکبوونی موسا (د.خ) چییە؟

# وانەی بیست و دوو
# چەند وێنەیەك لەژیانی هاوەڵان
# عومەر و دایکی هەتیوەکان



وەك سروشتی هەمیشەیی خۆی لەو شەوە تاریکەی نۆرەی سەردانی خانەوادە ڕەشماڵ نشینەکانی دەوروبەری مەدینە بوو، لەگەڵ بەردەستێکیدا بەناوی (ئەسلەم)، عومەری کوڕی خەتتاب بەرەو ئەو ڕەشماڵە ڕۆیشت، بۆئەوەی بزانێت لەو درەنگی شەوە بڵێسەی ئەو ئاگرە چییە، نەبا شتێك گڕی گرتبێت.

کاتێك گەیشتە لای ڕەشمەماڵەکە گوتی: سڵاو دایە گیان، پێمان نالێی لەم درەنگی شەوەدا بەم گەرمایە ئاگرت بۆ کردۆتەوە؟

ــ کوڕم، ئەو دوومنداڵەم لەبرسا دەگریان و منیش هەندێك ئاوم کردە مەنجەڵێك و لەسەر ئەو ئاگرەم دانا تابێدەنگیان بکەم، وا خەریکە بەدەم هەنسکەوە خەو دەیانباتەوە،

برسێتی ئەو منداڵە بێ باوکەکانم لەئەستۆی عومەری جێنشین دایە.
ـ باشە، دایە گیان عومەر کەی ئاگای لەحاڵی ئێوەیە؟
ـ ئەی پێشەوا و جێنشین نییە! بەڵێ ئەرکی ئەوە لێمان بپرسێتەوە.
عومەر زۆر ئازاری پێگەیشت بەم دیمەنە و دەستبەجێ لەگەڵ ئەسلەم گەڕانەوە مەدینە و لەگەنجینەی (بەیتولمالی) موسڵمانان کۆڵێکی گەورەی لەخۆراك و پێداویستی بەکۆڵدادا و گەڕانەوە بەرەو پیرەژنەکە، لەڕێدا ئەسلەم دەیویست کۆڵەکەی لێوەرگرێت و یارمەتی بدات بەڵام عومەر داینەدەنا و دەیگوت: ئایا تۆ ئەتوانی کۆڵێ گوناهەکانم لەقیامەتدا بۆ هەڵدەگری، نەخێر هەر دەبێت خۆم هەڵیبگرم، من بەرپرسم، من شوانم، خودا لەمن دەپرسێتەوە. هەر کە گەیشتن عومەر خۆی خۆراکی بۆ منداڵەکان ئامادەکرد و زەردەخەنەی خستەوە سەرلێویان، دایکەکەیان، گوتی: خودا لێتان ڕازی بێت، کوڕم، ئێوە کێن؟
پێیان گوت دایە گیان، سبەینێ بچۆ بۆ لای جێنشین، لەوێ دەمان بینیت.
بۆ بەیانی پیرەژنەکە چوو بۆ لای جێنشین و بۆی دەرکەوت کۆڵبەرەکەی شەو خۆی بوو، بۆیە شەرم دایگرت و ویستی بچێتە دواوە.
ـ عومەر فەرمووی: دایەگیان، فەرموو دانیشە و لەمەولا لە بەیتولمال موچەی مانگانە وەردەگری.
بەم شێوەیە عومەری کوڕی خەتتاب موسڵمانان و هەژارانی بەسەر دەکردەوە و بەکۆڵێ خۆی پێداویستی بۆ دەگواستنەوە.

## گفتوگۆ

١- بۆچی شەوانە عومەڕی کوڕی خەتتاب بەناو شار و دەوروبەریدا دەگەڕا؟

٢- منداڵەکانی نێو ڕەشمەماڵەکە بۆچی دەگریان؟

٣- مەبەستی پیرەژنەکە چیبوو کە گوتی (ئەرکی جێنشینە بەسەرمان بکاتەوە، بەڵام لێمان ناپرسێتەوە).

٤- کاتێك ئەسلەم ویستی کۆڵە خۆراکەکە لە عومەر وەرگرێت و هەڵی بگرێت، عومەر چی گوت ؟

٥- کە پیرەژنەکە هات بۆ لای جێنشین، چی بۆکرا؟

٦- لەم ڕوداوە چی فێردەبین؟



# وانەی بیست و سێ

# عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب

## (خودا لێی ڕازی بێت)



**ناو و نازناوی:**

نـاوی (عەلـی کـوڕی ئەبـو تاڵـب (عەبدولمەنـاف)ی کـوڕی عەبدولموتەڵیـب کـوڕی هاشـم)ە ئامـۆزای پێغەمبـەری خودایـە (د.خ) بە(ئەبـو حەسـەن) ناسـراوە، نازنـاوی (أمیـر المؤمنیـن)ە و چـوارەم جێنشـینی راشـدینە. (١٠) سـاڵ پێـش هاتنـی سـروش بـۆ پێغەمبـەر (د.خ) لەدایـك بـووە لەسـاڵی (٤٠)ی کۆچیـدا کۆچـی دوایـی کـردووە.

گیانی خۆی بۆ پێغەمبەر بەختکردووە ئەو شەوەی پێغەمبەر (د.خ) مەککەی بەجێهێشت و کۆچی کرد بۆ مەدینە، عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب لەجێگەکەیدا مایەوە لەبەر دوو هۆ:

١- سەرتێکدان لەو جەنگاوەرە قورەیشیانەی هاتبون پێغەمبەر (د.خ) بکوژن، تا هەست نەکەن لەماڵ چۆتە دەرەوە.

٢- بەمەبەستی گێڕانەوەی سپاردەکان بۆ خاوەنەکانیان کەلای پێغەمبەر (د.خ) دایاننابوو.

## دەنگدان بەجێنشینی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب

دوای شەهیدبونی جێنشینی سێیەم (عوسمان کوڕی عەففان)، پێشەوا عەلی کرایە جێنشین چونکە لە مەدینەدا کەس لەو شایستەتر بەدینەدەکرا و هاوەڵان لەسەر دەنگدان بەپێشەوا عەلی سوربوون، داوایان کرد ئەو ئەرکە قەبوڵکات. ماوەی جێنشینی (٤ساڵ و ٩مانگ و ٣رۆژ) بوو.

## واتای چەمکی کارگێری لای پێشەوای موسڵمانان، عەلی (ر.خ)

١- شارەزایی زانستی.

٢- لەناوبردنی دۆگمایی.

٣- چاودێری هۆشیارانە.

٤- کار پێسپاردن بەپێی ڕێسای پێویست، نەك لەڕێی پەیوەندیی کەسییەوە.

## گفتوگۆ

١- ماوەی جێنشینی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب چەندبوو؟

٢- هەڵبژاردنی عەلی بە جێنشین چۆن بوو؟

٣- چاودێری لەکارگێریدا دەبێت چۆن بێت؟

# وانەی بیست و چوار

## جێنشین و چاکسازی دادپەروەر و گەورە

### عومەری کوڕی عەبدولعەزیز (خ.ر)



ئـەم جێنشـینە نـاوی عومـەری کـوڕی عەبدولعەزیـز کـوڕی مەروانـی کـوڕی حەکەمـە زانایەکـی بەتوانـا و خوداپەرسـت و دنیـا نەویسـت بـوە، هەربۆیـە لەڕیـزی (جێنشـینە ڕاشدیەکان واتا بەپێنجەم جێنشینی ڕاشیدین دەژمێردرێـت لەدادگـەری و بەڕێوەبردنـی کاروبـاری موسـڵمانانـدا.

عەبدولعەزیـزی باوکـی لەباشـترین میرەکانـی نـەوەی ئومەییـە بـوو. جێنشـین عومـەر لەسـاڵی (٦١)ی کۆچیـدا لەدایك بـوە و لەسـاڵی (١٠١)ی کۆچیـدا لەشـام کۆچـی دوایـی کـردوە. کەسـێکی گـەنم ڕەنـگ و لاواز بـوو لەجەسـتەدا، چەند فاکتەرێـك ڕۆڵیان هەبـوو لەپێکهێنانی کەسـایەتیدا لەوانـە:

١- هـەر لەتافـی منداڵیـدا هۆگـری زانسـت بـوو، هەروەهـا توانیشـی قورئانـی پیـرۆز لەبەربـکات.

٢- دۆخـی کۆمەڵایەتـی: عومـەر لەژینگەیەکـی کۆمەڵایەتـی ئەوتـۆدا دەژیـا زۆر لەباربـوو بـۆ هەڵکەوتـی کەسـایەتی، ژینگەیەکـی پـڕ لەخوداناسـی وچاکـەکاری و زانسـتخوازی وپەیڕەوکردنـی قورئـان و سـوننەت.

٣- لەسەر دەستی گەورە شارەزایان وزانایانی ئاینی لەمەدینە دا پەروەردەبوو.

## دادگەری لەسایەی حوکمی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا

لەدوو بواردا دادگەری عومەر وێنا دەکرێت:

١- ڕێگـری لەسـتەمکاری و گێڕانـەوەی مـاف بـۆ سـتەملێکراو و نەهێشـتنی پێشـێلکاری سـەبارەت مافـی خەڵـك لەگیـان و ماڵیـان، لەگـەڵ سـزادانی سـتەمکار و دەسـتدرێژیکار.

٢- وێنـای دووەم: سـەبارەت بـە مافەکانـی تاکە لەسـەر دەوڵـەت و پاراسـتنی ئازادییـەکان و ژیانـی ڕۆژانەیـان، بەشـێوەیەك پەککەوتەیەکـی بـێ مـاف و هەرەشـە لێکراوێکـی ترسـێنرا و هەژارێکـی بـێ نـەوا و لاوازێکـی بـێ پشـت بـەدی نەدەکـرا، کـە ئەمانـەن ئەرکـی فەرمانـڕەوا لەئیسلامدا.

جێنشـین عومـەری کـوڕی عەبدولعەزیـز بـەردەوام بـوو لەسـەر پیادەکردنـی ئـەم ڕوکارانـەی دادگـەری، چونکـە بەسـپاردەیەکی جەمـاوەری دەزانـی لەئەسـتۆیدا و خـۆی بەکرێگرتـە و خزمەتکاریـان لەقەڵـەم دابـوو.

## کاروباری بواری کارگێڕی لەسەردەمی عومەردا

١- **لەهەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی کارمەندان و بەرپرسانی هەرێم و ناوچەکاندا** زۆر ڕەچاوی کەسایەتیانی دەکرد، لەڕوی خوداپەرستی و خێرخوازی و چاکەکاری و دادگەرییەوە، چونکە ئەوان نوێنەری جێنشین دەبوون لەو جێیانە، ئاوێنەی حوکمی ئەوبوون.

٢- **سەرپەرشتیکردنی ڕاستەوخۆ لەلایەن خۆیەوە بۆ کاروباری کارگێری ناوچەکان،** بەورد و درشتەوە، لەگەڵ چاودێریکردنی ڕاپەڕاندنی کاروباری دانیشتوان بەمەبەستی دەستبەرکردنی دادگەری.

٣- **پلاندانان:** بەو واتایەی کە پرۆسەیەکە پێداویستیەکانی ئایندە دابین دەکات، لە ڕێی ئامادەسازی هەنوکەییەوە، وەك نەخشە ڕێگایەك. عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لەو جۆرە سەرکردانەبوو بڕیاری پێشوەخت و بێپلان و بێ لێکدانەوەی ئەنجامەکانی نەدەدا.

٤- **ڕێکخستنی کاروبار لەسەردەمی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا:** ئەم چەمکە تەواوکەری پلاندانانە بەمەبەستی بەکردەیی کردنی پلانەکان، لەسەردەمی عومەردا پرۆسەی ڕێکخستن لە ڕیزی پێشەوەی کارەکانیدا بوو.

٥- **خۆپاراستن لەگەندەڵی کارگێری:** ئەم جێنشینە بەڕێزە کۆششی دەکرد بۆ ڕێگری لەگەندەڵی کارگێری و دەروازەکانی ئەو دەردە کوشندەیە، تا درۆ و بەرتیل و دیاری بردن بۆ بەرپرسان و زیادە ڕۆیی بنەبڕبکات.

## گفتوگۆ

١- فاکتـەرە کاریگـەرەکان لەسـەر پێکهاتنـی کەسـایەتی عومـەری کـوڕی عەبدولعەزیـز، کامانـەن؟

٢- (عومـەری کـوڕی عەبدولعەزیـز پـەرۆش بـوو بـۆ هەلبژاردنـی کارمەنـدان و فەرمانبەرانـی دەوڵـەت لەکەسـانی خێرخـواز و چاکـەکار). ئـەم دەسـتەواژەیە شـیبکەرەوە.

٣- پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە:

أ- پلاندانان لەئیسلامدا . ب- ڕێکخستنی بواری کارگێری.

٤- دادگەری لەسەردەمی عومەردا دوو بواری لەخۆگرتبو. کامانەن؟

٥- لەدیـدی عومـەری کـوڕی عەبدولعەزیـزەوە چەمکـی (بەرپرسـێتی و دەسـەڵات) چـی دەگەیانـد؟

# وانەی بیست و پێنج

## چەند گۆشەیەك لەژیانی شوێنكەوتوان

### زین العابدین (س.خ)



**شوێنكەوتووان:** ئەو موسلمانانەن كە لە دوای كۆچی دوایی پێغەمبەر(د.خ) هاتوونەتە دنیا، واتا چاویان بە پێغەمبەر(د.خ) نەكەوتووە، بەڵام چاویان بە هاوەڵانی كەوتووە.

بنەماڵە و خانەوادەی پێغەمبەری خودا محمد(د.خ) پێگەیەكی گەورە و دیار و ڕێزداریان هەیە لای سەرجەم موسڵمانان، وەك ئەستێرەی ئاسمانی خوداناسی و پارێزكاری و ڕەوشتی بەرز و دنیا نەویستی وێناكراون و هەمیشە درەوشاوەبوون، ئەمەش وای كردوە خۆشەویستی و پەیڕەوییان بەردەوام بوە لەنێو موسڵماناندا، لەهەڵكەوتوانی نێو ئەو خانەوادەیەش زین العابدین (س.خ).

## ناو و نازناوی

نـاوی: عەلـی کـوڕی حوسـێنی کـوڕی عەلـی کـوڕی ئەبـو تاڵبـە. نازنـاوی (زیـن العابدیـن) بـووە، بەواتـای (پوختـە و هەڵبـژاردەی خـودا پەرسـتان). لـەڕوی ئـاکار و چاکـە خـوازی و یارمەتیدانـەوە پێشـرەو بـووە.

## زانست و لەخوداترسانی

(زیـن العابدیـن) لەسـایە و سـێبەری حوسـێنی باوکیـدا گەورەبـووە و زانسـت و مەعریفـەی وەرگرتـوە، باوکـی وەك سەرمەشـق سـەیرکردوە لەئـاکار و ڕەوشـتیدا. پەیوەسـت بـوو بەمزگەوتـی پێغەمبـەرەوە (د.خ). هەمیشـە هاوکـۆڕی زانـا و شـارەزایان بـوە. قورئانـی پیـرۆزی بەرامـان وبیرلێکردنـەوە دەخوێنـدەوە، بۆیـە ببـوە کەسـێکی خـاوەن زانسـتی فـراوان.

## نموونەیەك لە ڕەوشتی بەرزی

زیـن العابدیـن بەڕەوشـتی بـەرز و پەسـەند ناسرابوو کەبەڕاسـتی سـەلماندبووی لەبنەماڵەی پێغەمبەرایەتیـە. جێـی ڕێـز و ستایشـی بـەرزی خەڵـك بـوو، لەگـەڵ ئامۆزایەکـی ناکۆکی لێك تێنەگیشـتنیان دەبـێ، ئامۆزاکـەی دەڵێـت: بەتوڕەییـەوە چومـە لای و ئـەوەی نەشـیاوبێت پێـم گـوت، بـەڵام (زیـن العابدیـن) بێدەنگـی هەڵبـژارد. پاشـان مـن ڕۆیشـتم.
لەشـەودا لەدەرگامـان درا، کـە کردمـەوە بینیـم (زیـن العابدیـن)ە، وامزانـی هاتـوە تۆڵـەی قسـە توندەکانـم لێبکاتـەوە، بـەڵام بەنەرمیەکـەوە گوتـی: ئەگـەر قسـەکانت ڕاسـت بـوون ئـەوا داوا لەخـودا دەکـەم بمبەخشـێت، خـۆ ئەگـەر ناڕاسـت بـوون، ئـەوا هیـوادارم خـودا لێـت ببورێـت.

پاشان سڵاوی کرد و بەجێی هێشتم، ئامۆزاکەی دەڵێت: منیش بەدوایدا چوم و بەڵێنم پێیدا هەرچی ئەوەی پێی ناخۆش بێت نەچمەوە سەری، ئەویش منی لاواندەوە و گوتی: گەردنت ئازابێت هەرچیت گوتوە.

## گفتوگۆ

١- بنەماڵەی پێغەمبەر کێ دەگرێتەوە؟ پێگەیان لای موسڵمانان چییە؟

٢- (زین العابدین) نازناوی چییە؟ بۆچی ئەو نازناوەی دراوەتێ ؟

٣- چەند ئاکارێکی (زین العابدین) بڵێ ؟

٤- ئەو وانە و پەندانە چین لەڕوداوەکەی نێوان (زین العابدین) و ئامۆزاکەیدا بەدیدەکرێن؟

## وانەی بیست و شەش
## لە زانایانی ناوداری کورد
### مەلا خەلیل سێرتی



ئاشکرایە لەنێو گەلی کورد زانای ناودار و هەڵکەوتو زۆرن کەخزمەتی ئاینی ئیسلامیان کردوە و پشکیان هەبوە لەبنیاتنانی شارستانیەت و ژیاری ئیسلامی و مرۆییدا. هەروەها ڕۆڵی گرنگیان گێڕاوە لەپەخشکردنی ڕۆشەنبیری گشتی و زانستی ئیسلامیدا. پەرتوکخانەی ئیسلامیان پاراوکردوە بەهەزاران بەرگ لەنوسراو و کتێب لەجۆرەها بواردا بەچەندین شێوە و زمان، لەو زانا ناودارانەش مەلا خەلیلی (سێرت)یە.

## ناو وبنەماڵەی

ناوی(خەلیل کوڕی مەلا حوسێن کوڕی مەلا خالید)ە. ساڵی ١٧٥٤ز لە (هیزان) ی خواروی دەریاچەی (وان)ی سەر بە ویلایەتی (بەتلیس) لەکوردستانی باکور چاوی بەژیان هەڵهێناوە.

ئەم زانایە بەمەبەستی خوێندن و وەرگرتنی زانیاری لەنێوان چەندین شار و ویلایەت لەخواروی تورکیا و باکوری عێراقدا هاتوچۆی کردوە. تا دواجار لە ویلایەتی (سێرت) جێگیربوە و هەرلەوێدا لەساڵی ١٨٤٣ز کۆچی دوایی کردوە و نازناوی (سێرتی) هەر لەوێ پێ بەخشراوە.

## زانست و ڕۆشەنبیری

ئەم زانایە:

سەر بە بنەماڵەیەکی زانست پەروەر و زانا دۆست بووە، هەر لەمنداڵیەوە بەهاورێیەتی باوکی دەچوە کۆڕی زانست لەمزگەوتەکانی کوردستان. کەسێکی زیرەك و هۆگری زانست و زانایان بووە. بەشێوەیەك لەماوەیەکی کورتدا فێری خوێندن و نوسین بووە و سەرنجی مامۆستایانی بۆ خۆی ڕاکێشابوو.

مرۆڤێکی بە هیوابووە و خولیای وەدەستهێنانی پلەی بەرزبووە لەزانستدا، هەر بۆیە لەنێوان شارە گەورەکانی دورگەی بۆتان و تەبلیس و ئامێدیدا هاتوچۆی کردوە. تا مۆڵەتی زانستی لەسەردەستی گەورە زانا (محمود بادینی) دا، کەموفتی شاری ئامێدی بووە، بەدەست هێناوە.

پیشەی مامۆستایی و پێش نوێژی لە زۆر جێدا بەجێهێناوە، ژمارەیەکی زۆر لەزانا و شارەزای ئاینی بەناوبانگی پێگەیاندووە.

گرنگی زۆری بەبواری ئەدەبی داوە بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی و زۆرێك لە کتێبی جۆراوجۆری ئەدەبی و ئاینی لەزمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی

کـوردی بەشـێوازێکی هونـەری نـاوازە.

سـەرەڕای ئەمانـەش هۆگـری هۆنـراوە بـووە و لـەو بوارەشـدا ژمارەیەکـی زۆر لەکۆپلـە هەڵبەسـتی هەبـووە لەگەلێـك بـواردا.

## نوسین و بەرهەمەکانی

ئـەم زانـا و ئەدیبـە بەرهەمێکـی فراوانـی لەکتێـب و پەڕاونامـە هەبـووە لەزانسـتی جۆراوجـۆری ئاینـی وئەدەبیـدا. زۆربـەی ئـەو بەرهەمانـەش بەزمانـی کـوردی و عەرەبـی بـوون کەژمارەیـان لـە (٣٥) کتێـب و پەڕاونامـە تێپەڕیـوە گرنگترینیـان:

١- تبصرة القلوب (لە ڕاڤەکردنی قورئانی پیرۆزدا).

٢- منظومة نهج الأنام (لە عەقیدەی ئیسلامدا - بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی).

٣- منظومة فی تجوید القرآن (بەزمانی کوردی).

## گفتوگۆ

١- مەلا خەلیل سەر بە چ بنەماڵەیەکە و کەی و لەکوێ لەدایك بووە؟

٢- ئەو گەورە زانایەی مۆڵەتی زانستی بەمەلا خەلیل بەخشی کێ بوو؟

٣- جگە لەبواری ئاینی، گرنگی بەچ بوارێکی تر دابوو؟

٤- ژمارەی بەرهەمە نوسراوەکانی چەندە؟ ناوی سیان لەو بەرهەمانە بڵێ.

٥- ناوی سیان لەزانایانی ناوداری کورد بڵێ کەخزمەتیان بەئاینی ئیسلام کردبێت.

# ناوەڕۆك


| وانە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | پێشەکی | ٣ |
| | وەرزی یەکەم | |
| وانەی یەکەم | چاکەکاری لەخودا پەرستی | ٧ |
| وانەی دووەم | دوای مردنی مرۆڤ چ شتێك بەسوودە | ٩ |
| وانەی سێیەم | برایەتی و پێکەوە ژیان | ١١ |
| وانەی چوارەم | دادگەری (دادپەروەری) | ١٣ |
| وانەی پێنجەم | بنەمای دووەم - چاکەکاری | ١٥ |
| وانەی شەشەم | ئەمەكداری | ١٧ |
| وانەی حەوتەم | ڕێزگرتن | ٢٠ |
| وانەی هەشتەم | بەزەیی و سۆز | ٢٣ |
| وانەی نۆیەم | بەزەیی و سۆز بەرانبەر گیانلەبەران | ٢٦ |
| وانەی دەیەم | پەندو ئامۆژگاری لەچیرۆکی پێغەمبەراندا | ٣٠ |
| وانەی یازدەیەم | ڕۆژو گرتن و حوکمەکانی | ٣٣ |
| وانەی دوازدەیەم | مەرجەکانی پێویستبونی ڕۆژو | ٣٥ |
| وانەی سێزدەیەم | حەرامبونی دیاردەی بەرتیلکاری | ٣٧ |
| وانەی چواردەیەم | ئاشتەوایی نێوان خەڵك | ٤٠ |
| وانەی پازدەیەم | ژینگە | ٤٣ |

## ناوەڕۆك


| وانە | بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| وەرزی دووەم | | |
| وانەی شازدەیەم | زەكات وهەندێك لەحوكمەكانی | ٤٨ |
| وانەی حەڤدەیەم | ئەو كەسانەی زەكاتیان پێدەشێت | ٥٠ |
| وانەی هەژدەیەم |ماڵبەخشین وسوودەكانی | ٥٢ |
| وانەی نۆزدەیەم | لەمافەكانی موسڵمان لەسەر موسڵمان | ٥٥ |
| وانەی بیستەم | پاوانكاری وشاردنەوەی شمەك | ٥٨ |
| وانەی بیست و یەك | چەند وانە و پەندێك لەژیانی پێغەمبەران | ٦١ |
| وانەی بیست و دوو | چەند وێنەیەك لەژیانی هاوەڵان | ٦٤ |
| وانەی بیست و سێ | عەلی كوڕی ئەبو تاڵیب | ٦٧ |
| وانەی بیست و چوار | جێنشین وچاكسازی دادپەروەر و گەورە | ٦٩ |
| وانەی بیست و پێنج | چەند گۆشەیەك لەژیانی شوێنكەوتوان | ٧٣ |
| وانەی بیست و شەش | لەزانایانی ناوداری كورد (مەلا خەلیل سێرتی) | ٧٦ |
| | ناوەڕۆك | ٧٩ |